# بەشداریی مەلا محەمەدی کۆیی (مەلای گەورە) لە کایەی سیاسیدا

یاسین خالد حسن[١] - عبدالله احمد عبدالله[٢]

[١+٢]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

مەلای گەورە (مەلا محەمەدی کۆیی) کوڕی مەلا عەبدولا، کوڕی مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانە، بنەماڵەکەی بە (جەلی زادە) ناسراون. لە ساڵی (١٨٧٦) لە کۆیە لە دایکبوە و ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردوە. بە چاوپیاخشاندنێک بە مێژوی ئەم بنەماڵەیە، کە لە ٥٠٠ ساڵ زیاترە، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە مێژە ڕۆڵ و بەشدارییان لە ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکانیاندا هەبوە. لە ماوەی ٦٧ ساڵی ژیانییدا، مەلای گەورە سێ گۆڕانکاری سیاسی و قۆناغی مێژویی بینیوە و تێیاندا بەشداربوە، ئەوانیش سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی (عەبدولحەمیدی دوەم و ئیتیحاد و تەرەقی، سەردەمی دەسەڵاتی داگیرکاری ئینگلیزەکان لە عێراق-کوردستان، سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق (فەیسەڵی یەکەم و غازی کوڕی).

ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی و شیکاری، هەوڵدەدات شیکردنەوە بۆ دید و بەشداریی مەلای گەورە لەمەڕ پرس و ڕوداوە سیاسییەکانی سەردەمەکەی خۆی بکات، هاوکات شیکردنەوە بۆ سێ گرنگترین قۆناغ و ڕوداوی سیاسی دەکات، کە بەشداری تێدا کردوە.

**کلیلە وشەکان:** مەلای گەورە، سیاسەت، کێشەی کورد.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper19

**Received:** 23-Aug-2022

**Accepted:** 18-Sep-2022

**Published:** 29-Sep-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

Yasen.hassan@univsul.edu.iq

Abdullah2311hk@gmaill.com

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

گرنگیدان و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە ژیان و ڕۆڵی کەسایەتییە ئایینی و زانستییەکانی مێژوی کورد، یەکێکە لە کەرەستە و ئامڕازە کاریگەرەکانی ئاشنابون بە مێژوی کورد و بەشداریی زانایانی ئایینی لە ڕوداوە سیاسییەکانی سەردەمەکانیان، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە زانایانی ئایینی هەوڵەکانیان لەپاڵ گرنگیدان بە ئایین، هاوکات پرسی گەل و نەتەوەکانیشیان فەرامۆشنەکردوە و هەوڵیانداوە ئەم دو پرسە پێکەوە بگونجێنن.

لەم نێوەندەشدا مەلای گەورە، ناسراو بە (مەلا محەمەدی کۆیی) وەک یەکێک لە کەسایەتی و زانا ئایینییەکانی کورد، کە لە خانەوادەیەکی ئایینی هاتوەتە دنیاوە، بەشداری کردەیی هەبوە لە کایەی سیاسییدا، هەمو ئەو ماوەیەی مەلای گەورە بۆ کاری سیاسی تەرخانیکردبو نزیکەی ١٧_١٨ ساڵ، واتە لە ١٩١٢-١٩٢٨ بو. لەو ماوەیەشدا چەندین پلەوپۆستی ئیداری وەرگرتوە هەرچەندە زۆربەیان سیاسی نەبون، بەڵام بەهۆی لێهاتویی و پێگەی بەرزی کەسایەتیی، توانیویەتی دەرفەتەکان بقۆزێتەوە بۆ خزمەتی میللەتەکەی و بەتایبەتیش ناوچەکەی، وەک کردنەوەی قوتابخانە.

مەلای گەورە وەک یەکێک لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی سەردەمی خۆی، هەرچەندە هیچ کاتێک نەبوەتە ئەندامی هیچ حیزبێک، بەڵام هەمیشە کۆڕ و دانیشتنەکانی گەرم بوە بە کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان. هەمیشە چاوپێکەوتنە زۆرەکانی دەقۆستەوە بۆ خزمەتکردنی میللەت و ناوچەکەی.

بەبڕوای ئەو سیاسەت دەبێت شەرعی بێت و پێغەمبەرانیش پەیامەکانیان پەیامیکی سیاسی بوە، بۆیە لە تێڕوانینی بۆ سیاسەت هەمیشە بڕوای بە پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی گەلانی جیهان هەبوە و پێیوابوە دەبێت سیاسەت بکرێتە مایەی خۆشگوزەرانی نێوان میللەتان. لە کایەی سیاسیدا نەبوەتە کەسێکی ڕەگەزپەرست، بەڵکو لەڕێگەی هەڵوێست و هۆنراوەکانییەوە، پشتگیری خەباتی گەلانی ژێردەست و چەوساوەکانی جیهان و سەرکردەکانیانی کردوە.

## بایەخی توێژینەوە:

دەکرێت بایەخی توێژینەوەی بەردەست لە چەند خاڵێکدا بخرێنەڕو:-

_ لەپێناو ناسین و شارەزایی زیاتری کەسایەتی مەلای گەورە، کە تائێستاش و لەدوای مردنیشی لە هەر چوار پارچەی کوردستان تەنها ئەو هەڵگری ئەم ناسناوەیە (مەلای گەورە).

_ هەروەها شارەزابون لەو ماوە مێژوییە گرنگەی ناوچەکە (نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدە تا نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم) و گۆڕانکارییەکانی، لەوانەش: جەنگی یەکەمی جیهانی، ڕوخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان.

ـ بەمەبەستی تێگەیشتن و شارەزابون لە ڕەوت و ڕێبازی ئایینداری مەلای گەورە و خزمەتەکانی لەم بوارەدا بە نەتەوەکەی، هاوکات تێگەیشتنی کوردانە لە ئایین، بە تایبەت ڕاڤەی بۆ قورئانی پیرۆز.

## کێشەی توێژینەوە:

شیکردنەوە بۆ دید و تێڕوانینی مەلای گەورە پێویستی بە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ و سەرەکییە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەی بەردەست هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

ـ ڕۆڵ و بەشداریی مەلای گەورە لە کایەی سیاسی سەردەمەکەیدا چی بوە؟

ـهەڵوێستی بەرامبەر شۆڕش و حوکمداری شێخ مەحمودی حەفید چی بوە؟

ـهەڵوێستی لە بەرامبەر لکاندنی کوردستانی باشور بە عێراق و دانانی فەیسەڵی یەکەم بە پاشای عێراق، چۆن بوە.

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوەکەمان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مەلای گەورە بەشداری سیاسی و پلە و پێگە کارگێڕییەکانی لەپێناو خزمەت بە میللەت و ناوچەکەی بوە، بەشێوەیەکی دانایانە بۆ هەر سەردەم و گۆڕانکارییەک تێڕوانینی خۆی خستوەتەڕو، وێڕای ویست و ئارەزوی بۆ سەربەخۆیی کورد لەژێر سایەی شێخ مەحمود، سەرەتا پشتگیری ناوبراوی دەکرد، بەڵام دوای تێکچونی پەیوەندییەکانی شێخ لەگەڵ ئینگلیز، ئومێدی بە شێخ مەحمود نەما، پێکەوە گونجاندنی کورد و گەلانی سەردەستەی ناوچەکەی بە مەرجی پاراستنی مافە کەلتورییەکانی کوردی کردە بنەمای تێڕوانینی خۆی.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا بەسود وەرگرتن لە میتۆدی وەسفی_شیکاریی بەگەڕانەوە بۆ سەردەم و قۆناغیکی دیاریکراو، هەوڵماندواە کرۆکی هزر و هەڵوێستە سیاسییەکانی مەلای گەورە شیبکەینەوە.

## پەیکەربەندی توێژینەوە:

توێژینەوەی بەردەست لە پێشەکی و سێ باس و ئەنجام پێکدێت. باسی یەکەم دو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم دەربارەی بونی مەلای گەورەیە بە موفتی کۆیە، تەوەری دوەم، بریتییە لە دەستبەکاربونی وەک ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ. باسی دوەم، دو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم باس لە هەڵوێستی مەلای گەورە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان دەکات، تەوەری دوەمیش باسکردنە لە هەڵوێستی لەبەرامبەر شێخ مەحمود حەفید و حوکمدارییەکەی. باسی سێیەم، پێکهاتوە لە دو تەوەر، تەوەری یەکەم بونیەتی بە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق، تەوەری دوەمیش بریتییە لە دیدگا و هەڵوێستی سەبارەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ.

## باسی یەکەم: ڕۆڵی سیاسیی مەلای گەورە لە نێوان ساڵانی(١٩١٢- ١٩١٨):

### تەوەری یەکەم: بونی مەلای گەورە بە موفتی کۆیە:

یەکەم وێستگەی ژیانی سیاسی مەلای گەورە، لە ساڵی ١٩١٢ دەست پێدەکات، کە لەو ساڵەدا، لەسەر داوای دەوڵەتی عوسمانی بوەتە موفتی کۆیە، (کۆیی،٢٠٠٩، ل٤٦)، کە زۆر جار حەڵکی بە پرسیارە شەرعییە قورس و گرانەکان لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕویان تێدەکرد، ئەویش بەهۆی بیرفراوانی و پشت نەبەستنی بەیەک مەزهەبی فیقهی و هەڵبژاردنی باشترین بۆچون لە مەزهەبە جیاجیاکان، چارەسەری زۆرێک لە کێشەکانی دەکرد، لەبەرئەوەی لەڕوی ئابورییەوە سەربەخۆ بو زۆر بەڕێکوپێکی و بوێرانە فتواکانی داوە، لەبەر خاترانەی هیچ کەسێک نەکەوتوەتە هەڵەوە (هاوکار،٢٠١٧، ل١٣). بەو واتایەی، کە جگەلەوەی هەندێک موڵکی بە میرات لە خانەوادەکەی بۆ مابویەوە، خۆیشی کەسێکی بە قەناعەت بوە و هیچ جۆرە یارمەتییەکی لە کەس وەرنەگرتوە.

شایانی باسە، مەلای گەورە، دەستبەکاربونی وەک موفتی کۆیە قۆستوەتەوە بۆ دەرخستنی تواناکانی، کردویەتییە دەروازەیەک بۆ ئەوەی لای کاربەدەستانی ویلایەتی موسڵ، بەتایبەتی والی(سلێمان نەزیف[i])، بناسرێت، پەیوەندییەکانی بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکارهێناوە(بابان زادە،٢٠١٢، ل١٣٨). ئەم ڕاستییەش لە میانەی بەشداری لە بۆنەیەکی فەرمی بەبۆنەی کردنەوەی یەکەم جادە لە موسڵ لە ساڵی (١٩١٤)، جادەی هێڵی ئاسن لە(مەیدان)، کە مەلای گەورە، لەلایەن والی بانگهێشت کراوە*، پاش ئەوەی والی داوای لە مەلاکان کرد کە وتارێک لەو بۆنەیەدا پێشکەش بکەن، بەڵام بەهۆی پێشوەخت ئاگادارنەکردنەوەیان ئامادەنابن، پاشان مەلای گەورە وتارێکی باش بەزمانی عەرەبی ڕوبەڕوی ئاپۆڕەی خەڵکێکی زۆری شاری موسڵ و هەرچی دەستەو دایەرەی حکومی هەیە بە سەربازی و مەدەنی و گەورە پیاوان لە شێخ و مەلاکانی شارو دەوروبەری پێشکەش دەکات (محمد،٢٠١٠،ل٢٠-٢٥)، دوای ئەم وتارە والی پێی سەرسام دەبێت و ڕێزی لێناو بوە سەرەتای دروستبونی پەیوەندی پتەو و دۆسایەتی نێوانیان (جەلیزادە،٢٠٢١، ل١١٩) دوای تەواوبونی ڕێوڕەسمەکە، والی بە ئەسپ و عەرەبانەی تایبەتی خۆی هێنایەوە بۆ موسڵ و سێ چوار ڕۆژ لای ماوەتەوە(کاکە مەحمود،٢٠٢١، ل١٠٩).

مەلای گەورە، لەم دیدارەی لەگەڵ والی موسڵ حەکیمانە مامەڵەی لەگەڵ ڕوداوەکاندا کردوە، بەدەر لە دیدگاو بەرنامەی ئیتیحادییەکان، پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەرپرسەکانیان پاراستوە و لەو ڕێگەیەوە ویستویەتی خزمەت بە شارەکەی بکات (بابان زادە،٢٠١٢، ل١٣٩). والی داوای لێدەکات هەرچی پێداویستی تایبەتی هەیە بۆی جێبەجێدەکات، بەڵام ئەو داوای کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە کردوە (عەلائەدین،٢٠١٤، ل١٠٨)، والی پێیوتوە: ((لە مێژەر بەسەران کەسم نەدیوە وەک تۆ موحبی مەعاریف بێت))، هەرچەند مەلای گەورە پێیوتوە مەعاریف دەبێت لەسەر ئەخلاقی چاک دابنرێت، بۆیە من دژی مەعاریفی ئێوەم (تەیب،٢٠٠٨،ل٢٧٩). بەڵام والی ڕازی دەبێت بە داواکارییەکەی، بروسکەی نارد بۆ کۆیە کە تیایدا نوسرابو لەسەر شەرەفی مەلا محەمەد ئەفەندی بڕیارماندا بەکردنەوەی قوتابخانەیەک لە کۆیە[ii]. قوتابخانەکە لەسەر ڕوبەری زەویەکی وەقفی مزگەوتی گەورە دروست کرا،

كە مەلای گەورە، پێشكەشی كرد كە شوێنێكی گونجاوی نزیك بازاڕو مزگەوت بو، بەناوی قوتابخانەی كۆیسنجەق(اولی) ناسرا (شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل١٦٨–١٧٨) لەو بارودۆخەی ئەوسای كوردستان و بڵاوی نەخوێندەواری، كردنەوەی قوتابخانە لە شاری كۆیە هەنگاوێكی نوێ بو بۆ هێنانە ئارای نەوەیەكی نوێ، ئەو هەنگاوەی لەلایەن توێژی كۆنەپارێز دژایەتی كرا (حیدری،١٩٩٢، ل ١٥،عەلائەدین،٢٠١٤، ل١٩).

بەشێوەیەكی گشتی، مەلای گەورە، گرنگی و بایەخی تایبەتی بە قوتابخانەكە داوە و كەسانی خاوەن بیری توندڕەو و چەقبەستوی لێ دورخستوتەوە، بەردەوام سەردانی كردوە و ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێشكەش بە فەرمانبەرەكانی كردوە، بەتایبەتی لە بابەتی هوشیاری نەتەوەیی و دورکەوتنەوە لە خورافات، داوای كردوە هۆكارە ژیارییە نوێكان بگرنەبەر(العامری،٢٠١٨، ص٢٢). پەیوەندی مەلای گەورە بە قوتابخانەكەوە بەڕادەیەك بوە گەر خوێندكارەكان ئارەزوی سەیران كردنیان هەبوایە داوایان لە مەلای گەورە دەكرد بە نوسینی نامە مۆڵەتیان لە بەڕێوەبەر بۆ وەربگرێت و بەڕێوەبەریش ڕازی دەبو(حەوێزی،٢٠٠٨، ل ١٩٥). هەروەها بەبەردەوامی چاودێری خوێندنی منداڵەكانی دەكرد، بەنمونە مێرمنداڵێك بەناوی(سابیر ئیسماعیل[iii])، كە یەكێك دەبێت لە خوێندكارەكانی قوتابخانەكە، باوكی وازی پێدەهێنێت لە خوێندن و لەسەر دوكانەكەی دایدەنێت، مەلای گەورە دەچێتە دوكانەكەو دەیباتەوە بۆ قوتابخانەكەو باوكیشی هیچ ناڵێت، كە دواتر بوە یەكێك لە مامۆستاو پەروەردەكارە بەتواناكان (شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل ١٤٤).

ئەوەی جێگەی سەرنجە، پەیوەندیی مەلای گەورە و سلێمان نەزیف، لەكاتی كردنەوەی جادەی(مەیدان)بەڕادەیەك پەرە دەسێنێت، كە والی پێی دەڵێت دەزانم خەڵك ڕوت لێدەنێن بۆ كارگوزاری خۆیان لای من، تۆش هەر ئیشێك بەلاتەوە مەبەست بو، لەو نامەیەی بۆم دەنێریت بەیتێكی شێخ ڕەزای تاڵەبانی تێچێنی قسەكانت بكە، هەتا جێبەجێكردنی لە گوماندا نەمێنێت، ئەو نامەیەی بەیتی شێخ ڕەزای تیدا نەبێت دەبێتە كاری دو بەختی (محمد،١٩٩٢، ل٢٥)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە والی سەرسام بوە بە شیعرەكانی شێخ ڕەزا (حاجی،–، لا٦٦). بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامیە كاتی ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوانیان هاوكات بوە لەگەڵ سەركوتی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بەرزانی و لە سێدارەدانی لە شاری موسڵ لە ساڵی ١٩١٤، كە لێرەدا هەڵوێستی مەلای گەورە ونە (بابان زادە،٢٠١٢، ل ١٣٩). هەرچەندە فاروقی كوڕی مەلای گەورە دەڵێت: "كە شێخ عەبدولسەلام بەرزانی دەسگیر دەكرێت والی زانیویەتی نامەی مەلای گەورەی پێدەگات، بۆیە بە زوی و هەر شەو لە سێدارەی دا، دواتر نامەی مەلای گەورەی بەدەست گەیشتوە" (شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل ١٦٨).

### تەوەری دوەم: مەلای گەورە وەک ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ:

مەلای گەورە، لە ساڵی ١٩١٥ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ، پەیوەندی پتەوی لەگەڵ والی هەر بەردەوام دەبێت، لە تەفسیرەكەیدا چەندین جار بەڕێزەوە ناوی دەبات و دەربارەی دەڵێت: "لەپێش یەكەمین جەنگی

جیهانی بەخزمەتی موشەڕەف بوم و یەکێکە لە پیاوە یەکەمینەکان" (کۆیی،٢٠٠٩، ل١٥١). پەیوەندی دۆستانەی نێوانیان دەگاتە ڕادەی گۆڕینەوەی کتێبە قەدەغەکراوەکان بۆ خوێندنەوە (جەلیزادە، لا١١٩).

دەکرێت بەشداری مەلای گەورە وەک ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ بەکارێکی ئاقڵانە دابنرێت، لەو بارودۆخە بێسەروبەریەی کۆتاییەکانی حوکمی عوسمانی، کە لە ڕێگەیەوە لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی تری شاری کۆیە هەوڵی دابینکردنی ئارامی ناوچەکەیان داوە، بەنمونە بەهۆی شەڕی نێوان هەردو هۆزی غەفوری و شێخ بزێنی ئارامی لە ناوچەکە نەما، حکومەت گوێی پێنەدەدا، مەلای گەورەو حەماغا سکاڵایان گەیاندە شاری کەرکوک و موسڵ، بەڵام کاربەدەستان بەدەم سکاڵاکەیانەوە نەچون، بۆیە مەلای گەورە بروسکەی نوسی بۆ دەربار(بلاط)، لەوێوە سزای چەند کاربەدەستێک درا لەوانە قایمقام و موتەسەڕیف و چەندین پیاوی سەربازی و عەشیرەتی شێخ بزێنی (محمد،١٩٩٢، ل ٦٢-٦٣).

لەم قۆناغە مێژوییەی ژیانی مەلای گەورە، دەوڵەتی عوسمانی داوا ئاراستەی مەلای گەورە دەکات کە ببێتە (شێخ الاسلام)ی دەوڵەتی عوسمانی بەمەرجێک مەزهەبەکەی لە(شافیعی)یەوە بگۆڕێت بە مەزهەبی دەوڵەت(حەنەفی)، کەچی سەرەڕای ئەوەی دەمارگیری ئاینی نەبو، بەڵام ڕازی نەبو، چونکە لای وابوە گەر بەوە ڕازی ببێت واتە بوەتە تورک، ئەمە لەکاتێکدا لەسەردەمی عوسمانییەکان لەبەر پلەوپایەی بەرزی زانایانی مەزهەبی حەنەفی بەراورد بەزانایانی مەزهەبی شافیعی، گەلێک لە بنەماڵە گەورەکانی کورد بونە حەنەفی(جەلیزادە، ل١٤١، شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل ٤١-٤٤). ئەمە جگە لەوەی سوڵتان ڕەشادی عوسمانی: (١٩٠٩- ١٩١٨)(وسام المجیدی) بە پلەی سێیەم بە سوپاس و پێزانینەوە پێبەخشی، لەبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەباشترین شێوە، ئەمەش بەمەبەستی ڕاکێشانی بەلای سیاسەتی خۆیدا، بەڵام ئەو خۆی نەدا بەدەستەوە(العامري،٢٠١٨، ص٢٢ هەورامی،٢٠١٨،ل٢٤٦).

بەشێوەیەکی گشتی، لەو سەرچاوانەی باسی ژیانی مەلای گەورە دەکەن لەم قۆناغە مێژوییەدا ١٩١٢- ١٩١٨ کاتی بونی بە موفتی کۆیەو ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ، کەمترین زانیاری دەست دەکەوێت لەسەر بەشداری ئەو لە کارە سیاسی و کارگێڕییەکاندا، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی کەمتر تێکەڵی بەرپرسان بوە، دەکرێت ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە بوبێت کە زانیویەتی دەوڵەت بەرەو ڕوخان دەچێت و خێری بۆ جیهانی ئیسلامی و میللەتەکەی نییە (بابان زادە،٢٠١٢، لا١٣٩). بەتایبەتی سیاسەتی هەڵەی سەرانی ئیتیحادییەکان کە بەئارەزوی خۆیان دەوڵەتیان ئالاندە یەکەمین جەنگی جیهانیەوە، کە سەرەتا کوردستانی ڕۆژهەڵات بوە مەیدانی جەنگی هێزە دژ بەیەکەکان وەک لازاریف دەڵێت: یەکەم تەقەی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی نزیک لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دەستی پێکرد (مەنتک،٢٠٠٠، لا٩٤). هەر لەو ماوەیەداو لە ساڵی ١٩١٧ کوردستانی باشور دوچاری گرانیەکی سەخت هات، بەهۆی لێشاوی پەنابەرانی ئێرانی و ڕاوڕوتی خەڵک و ڕوتاندنەوەی فەرمانبەرانی عوسمانی بەمەبەستی دابینکردنی ئازوقە بۆ سوپاکەیان، بەنمونە دایان بەسەر ماڵی حەماغای گەورەداو چی دانەوێڵەو دەغڵ و دانی هەبو تالانیان کرد(محمد،٢٠١٠، لا٧٠-٧٢). جگە لە بەرتیل خۆری و زیادکردنی باج و سەربازگرتنی بەزۆر(تەیب،٢٠٠٨،

ل٤٨–٥٥)، ڕاپێچکردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ هەتا تەمەنی شەست ساڵی، بەشێوەیەک لە سەفەربەلک پیاو هێندە کەم بوەوە شێخ نورەدین جەلیزادە بۆ نوێژی هەینی لەو مزگەوتەکەی مەلای گەورە، نوێژخوێنەکانی دەبژارد هەتا بزانێت ژمارەیان بوەتە چل کەس(حەوێزی،٢٠٠٧، لا١٢١).

شایانی باسە، شاری کۆیە لەو ماوەیەدا دوچاری گرانی سەخت بو، بەهۆی چەندین کەسایەتی وەک (حەماغاi7) کە ڕۆژانە لەماڵەکەیدا چەند فەردە ئارد دەکرا بەنان، لەگەڵ خواردن دەدرا بە هەژاران(حەوێزی،٢٠٠٨، لا١٣٥)، مەلای گەورەش بە پێی توانای خۆی کە هەتا گرانی بەسەرچو هەمو ئێوارەیەک مەنجەڵێکی گەورە ساوەریان کوڵاندوەو لەبەردەرگا دانراوەو لەگەڵ نان بە هەژارانیان داوە (مەسعود، لا٧٥، بەهۆیانەوە بە سەدەهاو هەزارەها کەس لە مردن ڕزگار بو، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان کە ڕزگار بون لە مردن بەهۆی کنگرەوە بو(کۆیی،٢٠٠٩، ل٣٦). بۆیە مەلای گەورە، وتویەتی گەر لەدەستم هاتبایە دروشمی کوردم بەوێنەی(کنگر) دەڕازاندەوە(محمد،٢٠١٠، ل٧٥). هەمو ئەو بارودۆخە خراپانەی ژێر دەستی عوسمانی و شکانیان لە یەکەمین جەنگی جیهانی، بونە خاڵی وەرچەرخان لە مێژوی کورد دا، چونکە بوە هۆی کردنەوەی چەندین ئاسۆی نوێ بەڕویدا و لەو بێئاگاییە دورو درێژە چەندین سەدەیە ڕزگاری بو(تەیب،٢٠٠٨، ل٥١). بۆیە بیر لە بەدیل کراوەتەوە لە لایەن دانیشتوانی کوردستانەوە لە نێویان مەلای گەورە، نزیکترین هێزی جیهانی لە ناوچەکەیان بەریتانیەکان بو، پاش کشانەوەی عوسمانییەکان لە کۆیە، بە بروسکە (دەبلیو- ئار-های) ئاگادار کراو لە کەرکوک و ئاڵتون کۆپریەوە گەیشتە کۆیە لە ١٥-١٢- ١٩١٨ لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە لەنێویان مەلای گەورە پێشوازی لێکرا (حەوێزی،٢٠٠٨، ل١٣٨-١٤٠)7، کە سەرەتا بڕوای پێکردن، چونکە بیستبوی باشوری بەغداد بەهۆکاری خستنەکاری ئامێری ئاو لە سایەی ئینگلیزەکان کەوتونەتە خۆشگوزەرانی و لە کولە و گەنمەشامی خواردن بونەتە گەنم خۆر، کە لەوکاتەدا کوردستان لەوپەڕی خراپیدا بو لە ڕوی ئارامی و برسیەتی، چاو لە ئاسمان بون بۆ باران، بە ئومێدی ئەوەی لە سایەی ئینگلیزەکان لەو دۆخە ڕزگاریان بێت (کۆیی،٢٠٠٩، ل٦٧٠). هەر بۆیە مەلای گەورە بەناوی دانیشتوانی شارەوە وتاری بەخێرهاتنی(هی) بەزمانی فارسی خوێندەوەو ئامادەی هاوکاریان بو(های،٢٠١٦، ل١٢٦-٣١١).

## باسی دوەم: بەشداری سیاسی مەلای گەورە لەنێوان ساڵانی (١٩١٩- ١٩٢٤).

### تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی بەرامبەر بە ئینگلیزەکان:

بە تێکشکانی عوسمانییەکان لە یەکەمین جەنگی جیهانی، گەلە ژێر دەستەکانی نێو ئیمپراتۆریەتەکە سەرەتا تاڕادەیەک بوژانەوە، بەئومێدی شادبون بە مافەکانیان لە ڕێگەی بەڵێنەکانی هاوپەیمانەکان لە نێویان سەرۆکی ئەمریکای ئەوکاتە (ودرو ویلسون): (١٨٥٦- ١٩٢٤) کە لە مادەی ١٢ مافی تەواوی بە گەلەکانی ژێر دەستی عوسمانیەکان دا لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆیان(قادر،٢٠٠٧، ل١٦). هەرچەندە مەلای گەورە بەهۆی بێ بڕوایی بە بەڵێنی سیاسیەکان، بڕوای بە بەڵێنەکانی سەرۆکی ئەمریکا نەبو(کۆیی،٢٠٠٩، ل١٩٩).

دوای پێشڕەویی بەریتانییەکان بەرەو ویلایەتی موسڵ، زۆرێک لە دانیشتوانەکەی ڕویان لە عوسمانیەکان وەرگێڕا، یەکێک لەو ناوچانە شاری کۆیە بو، ئەوە بو بە نزیک بونەوەی (کابتن های) لە شارەکە عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی بە ٥٠ سوارەوە چوە پێشوازی، بەڵام ئەو دەنگوباسی حەماغای گەورەی پرسیوە، کە پێشتر نامەی ئەوی بەدەست گەیشتوە، دوای گەیشتنی بەشار پێشوازی کەسایەتیەکان لێی چوەتە سەرا، گرنگترین گرفتی بەردەمی ئاشتکردنەوەی هەردو بنەماڵەی غەفوری و حەوێزی، ڕێکخستنی کارگێڕی و دابەشکردنی پۆستەکان لە نێو بنەماڵە گەورەکانی کۆیە بو (عەلائەدین،٢٠١٤، ل٤٨). لەو میانەیەدا لە ساڵی ١٩١٩ حەماغای غەفوری کردە قایمقام و جەمیل ئاغای حەوێزی کردە جێگری و مەلا محەمەدی کردە دادوەر(حاکمی شەرع) (مەلا محمدی کۆیی، ل١٩٩)[vi]، فەتاح ئاغای کردە سەرۆکی شارەوانی و مەلا ئەحمەد ئاغا کرایە بەڕێوەبەری پۆلیس(حلمی،١٩٨٨، ل٩١).

دەکرێت مەبەستی مەلای گەورە لە هاوکاریکردنی ئینگلیزەکان و وەرگرتنی پۆستی دادوەری کۆیە، سەرەتا بە ئومێدی ئەوە بوبێت لە ڕێگەی ئەوانەوە کورد بە مافەکانی خۆی بگات، چونکە وەک هێزێکی گەورەی جیهانی لەو کاتەدا بەشێکی گەورەی کوردستانیان لە ژێر دەستدا بو، ئەمە جگە لەوەی بەشێک لەئەفسەرو کاربەدەستەکانیان لەوانە(مێجەر نوئێل) بۆچونیان بەرامبەر کورد باش بو هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ(مەنتک،٢٠٠٠، ل١٣٧، عەلائەدین،٢٠١٤، ل٨).

دوای ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی کۆیە لە لایەن کاپتن هی، بارودۆخی ژیان لە سەردەمی قایمقامیەتی حەماغا و هاوکارانی ئاسایی بوەوە، بازاڕ کرایەوەو نرخی کەل و پەل دابەزی (شارەزا و ئەوانی تر،٢٠٠٩، ل١٢٧)، فەرمانبەرەکان لە کاری خۆیان ئازاد بون و ئینگلیزەکان دەستیان لە کاروباریان وەرنەدەدا (محمد،١٩٩٢، لا٣٦)٠ بەڵام بەمردنی حەماغا لە ٣ ئابی ١٩٢٠، جێگرتنەوەی لەلایەن جەمیل ئاغا ئارامی شار تێکچو، چونکە غەفورییەکان ئەو پۆستەیان بەهی خۆیان دەزانی (تەیب،٢٠٠٨، لا٨٣).

هەرچەندە کاری مەلای گەورە، لەو کاتەدا (دادوەر) ی دەبێت و سیاسی نابێت، بەڵام بەشداری لە کاروباری سیاسی ناوچەکەدا کردوە، چەندین بەڵگەنامەی بەریتانیەکان باسی مەلای گەورە دەکەن و وەک یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی شاری کۆیە لە ڕاپۆرتی نوێنەری بەریتانیا هاتوەو کە سەرسام بوە بە پێگەی بەرزی و بەوەش کە موفتی هەولێر(مەلا ئەفەندی) پشتگیری کردوە. ئەمە جگە لەوەی یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە کۆیە، بەردەوام لەگەڵ مەلای گەورە کۆبوەتەوە، لە یەکێک لە بەڵگەنامە نهێنیەکان ئاماژە بە لیوای هەولیر دەکات کە ئارامەو هیچ گۆڕانکاریەکیان ناوێت و دژایەتی دەوڵەتی بەریتانیا ناکەن، ئەوەی لە لیوای هەولێر خواستی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە خەڵکی کۆیەو جەنابی مەلای گەورەیە کە داوای دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی دەکەن (محمد صالح،٢٠١٧، ل٧٦). ئەوەی جێی سەرنجە لەسەر ئاستی لیوای هەولێر، یەکەمین کەسێک کە نوێنەری بەریتانیا دەچێت گفتوگۆی لەگەڵ بکات مەلای گەورەیە، ئەویش زیرەکانەو سیاسییانە داوای مافەکانی گەلەکەی لە حکومەتی بەریتانیا کردوە

(ئەحمەد،٢٠٢١، ل٥٣)، بۆ ئەم مەبەستە چەند یاداشتنامەیەکیان لەگەڵ جەمیل ئاغای حەوێزی پێشکەش بە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانیا(سی ئای. ڕاندیل) کردوە کە لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیەکاندا هاتوە لەوانە:

بەڵگەنامەی ژمارە(٥٠٦٩)ی ٦ ئازاری ١٩٢٠. ناوەڕۆکەکەی بەبیر بەریتانیەکانیان هێناوەتەوە، کە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی گەلانی ژێردەستە لەوانەش کورد ئومێدیان بەبەریتانیەکان هەیە بیانگەیەننە سەربەخۆیی، دەسەڵاتیان لە خۆیان بۆ دابمەزرێنن، ئەگەر شێخ مەحمود بۆ ئەم کارە گونجاو نییە، کەسێکی دیکە لەخۆمان بکرێتە حاکمی کوردستان، گەر بەریتانیەکان لەمەدا هاوکارمان نەبێت، کورد هەتا هەتایە دەچەوسێتەوە (حاجی، ص٨٦).

لە بەڵگەنامەی ژمارە ١٩٧٥ (٩)ی ئازاری ١٩٢٠. لە ناوەڕۆکەکەیدا هاتوە، کە مەلای گەرەو جەمیل ئاغا دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانین بۆ ناوچەکە، داوای دەسەڵاتی خۆجێی بۆ کورد دەکەن بەمەرجێک حوکمدارەکەی کورد بێت و پشتاوپشت نەبێت و بەپێی لێهاتویی بێت، بۆ ئەمەش حەمدی بەگ بە گونجاو دەزانن (محمد صالح، ل٧٩). لە بەڵگەنامەی ژمارە(٣٧١) ساڵی ١٩٢٠، کە ڕاندیل سەردانی مەلای گەورەی کردوە، بۆ زانینی هەڵوێستی دەربارەی دۆخی ئەستەمبوڵ، کە لای وابوە شارەکە لەژێر دەستی تورکەکان بمێنێتەوە، بەڵام گەروەکان لەژێر دەستی بەریتانیەکان، بمێنێتەوە بەمەبەستی سەلامەتی ڕێگای بازرگانی (عەلائەدین،٢٠١٤، ل٦٤).

شایانی باسە، مەلای گەورە، سەرەتا حوکمی بەریتانیەکانی لا باشتر بوە لە عوسمانییەکان، چەندین جار وتویەتی ئومێد نییە بە ڕزگاری کوردستان لەژێر چاودێری بەریتانیا نەبێت (حاجی، ص٨٥). بۆ دروستکردنی پەیوەندی پتەو لەگەڵ بەریتانیەکان، فێربونی زمانی ئینگلیزی لەلایەن چەند کەسێکی موسڵمانەوە بە فەرزی کیفایە و بەپێویست زانیوە، بۆ ئەوەی پێویستیان بە نێوانجی نەبێت و قسەکانیان نەگۆڕن، جگە لەوەش زانیویەتی چارەنوسی سیاسی و ئیداری کوردستان لەوسەردەمەدا پەیوەست بوە بەدەسەڵاتداری ئینگلیز. لەسەر ئەمەش توشی لۆمە بوە لەلایەن هەندێک لەمەلاکان و لەلای حەماغا سکاڵایان لێ کردوە (محمد،٢٠١٠، ل٨٩-٩٠ شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل١٨٧ جەلیزادە،٢٠٢١، ل٧٨).

ئەو بارودۆخە ئارامەی دوای سەرەتای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کۆیە نەما، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٢١، چونکە لەو کاتەدا تورکەکان وەک گروپی بچوک هاتنە کوردستانی باشور، لە ساڵی ١٩٢٢حکومەتی ئەنقەرە(ڕەمزی بەگ)ی کردە قایمقامی ڕەواندوز، دواتر سەرهەنگ عەلی شەفیق(ئۆزدەمیر) هات، بەمەبەستی گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بەیارمەتی هێزی عەشایەری کورد بۆ سەر تورکیا (ئێدمۆنس،٢٠٠٤،ل٢٩٨- ٣٠٥). توانیان هێزەکانی ئینگلیز لە ڕانیە دەربکەن و دەستبگرن بەسەر (پشدەرو بیتوێن)دا، بەشێک لە دانیشتوانی کۆیە پشتگیری تورکەکانیان کرد بۆ گەڕانەوە بۆ کۆیە، بەڵام مەلای گەورە دژی ئەمە بو (فقی علی،٢٠١٠، ل١٤٦). حاکمی سیاسی ئەوکاتەی کۆیە(برادشۆ) بو، کۆییەکان دایان بەسەر(سەرا) داو تاڵانیان کرد (جەلیزادە،٢٠٢١،ل٢٨)، ئینگلیزەکان لە ٢ ئەیلولی ١٩٢٢ کۆیەیان بەجێهێشت. بارودۆخی شار بەتەواوی تێکچو، بەجۆرێک بە شەو ڕۆژێک لەناو شاری کۆیەو دەوروبەری یازدە کەس کوژران (کۆیی،٢٠٠٩، ل١٢٨).

دوای بەجێهێشتنی کۆیە لەلایەن ئینگلیزەکان، (جەمیل ئاغای حەوێزی) بە (عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی) دەڵێت:" با جەنابی مەلای گەورە بانگ بکەین و ئەنجومەنێک بۆ بەڕێوەبردنی شار دروست بکەین". سەرەتا عەبدوڵڵا ئاغا ڕازی نابێت و دەڵێت:"ئەو مەلا دەست و پێ سپیە هەقی بەسەر ئیشوکاری ئیدارەوە چی یە؟". بەڵام جەمیل ئاغا ڕازی نابێت، دواتر هەرسێکیان لە مزگەوتی گەورەی کۆیە کۆدەبنەوە سوێند دەخۆن کە خیانەت بە نەتەوەکەیان نەکەن ئەنجومەنەکە دروست دەکەن بەشێوەی حکومەتێکی کاتی و مەلای گەورە دەبێتە سەرۆکی(جەلیزادە، ل١٢٠، عەلائەدین،٢٠١٤،ل٤١، شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل١٥). هەرچەندە لە ڕۆژی دەستبەکاربونی مەلای گەورە، ئەندامانی ئەنجومەن داوای لێدەکەن کە واژۆ بەناوی سەرۆکی حکومەتەوە بکات، بەڵام ڕازی نابێت، وەک سروشتی خۆی ناوی جەلیزادە بەکاردەهێنێت، چونکە زانیویەتی کارەکە سەرناگرێت و کۆیە ناتوانێت وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ خۆی بسەپێنێت، بەڵام توانیان ئیدارەی شار هەتا گەڕانەوەی تورکەکان بەباشی بەڕێوە بەرن و ماڵ و دوکانەکانیان لە ڕاوڕوت پاراست کە زۆر کەس خۆیان بۆ ئامادەکردبو(جەلیزادە، ل١٢٠، جەلیزادە،٢٠٢١،ل٢٩).

بەڵام دواتر ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنەکە دروست بو، عەبدوڵڵا ئاغا دەیویست ببێت بە قایمقامی کۆیە، بۆیە چون تورکەکانیان هێنایەوە بە سەرۆکایەتی ڕەمزی بەگ بە ٧٥ کەسەوە، مەلای گەورەو جەمیل ئاغا بەنابەدڵی پێشوازییان لێکردن، ڕەمزی بەگ کرایە قایمقام. ئینگلیزەکان پاش ماوەیەک بە فڕۆکە بەیاننامەیان خستە خوارەوە بۆ چۆڵکردنی شار، وەگەر نا بۆمبارانی دەکەن (قەزاز،لا١٤٨)، هەرچەندە مەلای گەورە هەوڵیدا تورکەکان شارەکە چۆڵ بکەن، بەڵام بەقسەیان نەکرد، بۆیە بەماڵەوە چوە گوندی پیبازۆک هەتا تورک شارەکەیان چۆڵ نەکرد نەگەڕایەوە، لەو ماوەیەدا مەلا(سەعد) لەجێی مەلای گەورە وتاری هەینی خوێندوەتەوە. ئەوەبو ئینگلیزەکان کەوتنە بۆمبارانکردنی شار بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ، یەکەم بۆمب بەر مزگەوتی گەورە کەوت، دوای کوژران و بریندار بونی چەند کەسێک، تورکەکان لە ژێر فشاردا شارەکەیان چۆڵ کرد(محمد صالح،٢٠١٧، ل١٥٣، جەلیزادە، ل١٢٢، تەیب،٢٠٠٨، ل٨٧).

ئینگلیزەکان لە ٨ کانونی یەکەمی ١٩٢٢ دا، بۆ جاری دوەم گەڕانەوە کۆیە، جەمیل ئاغا کرایەوە بە قایمقام، لە ماوەی چوار ساڵدا چوار جار کۆیە دەستاو دەستی دەسەڵاتی کرد لە نێوان تورک و ئینگلیز، لەو ماوەیەدا گەلێک کەس سەروماڵیان تیاچو (عەلائەدین،٢٠١٤، ل٤٢ حەوێزی،٢٠٠٧، ل١٥٥).

شایانی باسە، دوای هاتنەوەی ئینگلیزەکان بۆ کۆیە، چەندین پیاوماقوڵی شار بەتایبەتی ئەوانەی کە بونە هۆی هاتنەوەی دەسەڵاتی تورک بۆ کۆیە چونە پیبازۆک بۆ لای مەلای گەورەو داوای گەڕانەیان لێکرد بۆ کۆیە، ئەویش دوای سەرزەنشتکردنیان لەسەر داوای ئەوان گەڕایەوە (محمد،١٩٩٢، ل٣٦ جەلیزادە، ل١٢٢)، خەریکی پیشەی دادوەری بو، هێشتا بۆچونی وەک زۆربەی کەسایەتییەکانی شار دۆستایەتی ئینگلیزی پێ باش بو، چونکە لای وابو هیچ ئومێدێک نییە بە سەربەخۆی کوردستان لەژێر چاودێری بەریتانیەکان نەبێت، سیاسەتی ئینگلیزەکانی لەروی ئابوریەوە بەقازانجی بەرەوپێشچونی ژیانی خەڵکی کوردستان دەزانی، بۆ ئەمەش دەیویست سودیان لێ

وەربگرێت(حاجی،٢٠٠٨، ص٨٥). تەنانەت لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ هێشتا گەشبین بوە بە ئینگلیزەکان، هەربۆیە لایەنگری پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی عێراق و دانانی فەیسەڵ بوە بە پاشای عێراق لەلایەن ئینگلیز، ئەمەش بوە جێی ڕێزی فەیسەڵ و غازی کوڕی، فەیسەڵیش دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر وتارێکی پێشکەش کرد، داوای لە خەڵکەکە کرد بەیعەت بدەن بە فەیسەڵ، داوای لە فیسەڵیش کرد ئاواتەکانی گەلی کورد بەدیبهێنێت، لە عێراق کیانێک پێکبهێنێت بۆ کورد و عەرەب کە یەکسان بن لە ماف و ئەرکدا (فقی علی،٢٠١٠، ص١١٦).

گەشبینیەکەی مەلای گەورە، هەر مایەوە بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەردو حکومەتی بەریتانی و عێراقی لە ساڵی ١٩٢٢ کە تیایدا هەردوکیان دانیان بەمافەکانی کوردی باشور نا، بە دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە چوارچێوەی سنوری عێراق، بۆ ئەمەش داوایان لە کۆمەڵە جیاجیاکانی کورد کرد لە نێوان خۆیاندا ڕێکبکەون لەسەر شێوەی ئەو دەوڵەتەی کە دەیانەوێت دروستی بکەن، بۆ ئەمەش داوایان کرد نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ بەغداد بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و بەریتانیا(مظهر، ل١٥٠، سەنگاوی،٢٠١٧، ل١٨١ ئێدمۆنس،٢٠٠٤، ل٣٧٨)٠ هەرچەندە ئەمە تەنها چاوبەستێکی سیاسی بو، لە ئەنجامی زیادبونی مەترسی تورکەکان و دەسەڵاتی شێخ مەحمود بو(ماکداول،٢٠٠٢، ل٣٥٤)٠ ئەوەبو دوای چەند هەفتەیەک پەشیمان بونەوە لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەیان، بەتایبەتی دوای گۆڕینی پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠ بە پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣، هێرش کردنە سەر حکومەتەکەی شێخ مەحمود لە سلێمانی و داگیرکردنی پایتەختەکەی لە ساڵی ١٩٢٤، لکاندنی بە عێراقەوە بە نائارەزومەندانە (الطالباني،١٩٧١، ل٣٢٦-٣٢٧، عەلائەدین،٢٠١٤، ل٨)٠

هەمو ئەم ڕوداوانە بونە سەرەتای ڕەشبینی مەلای گەورە، بەرامبەر بە ئینگلیز، هەربۆیە لە تەفسیرەکەیدا کاردانەوەی توند دەبینرێت بەرامبەریان، بە جۆرێک بە شەیتان باسیان دەکات(کۆیی،٢٠٠٩، ل١٢٣)٠ ئەمەش پاش ئەوەی بۆی دەرکەوتوە کورد وەک کارتی فشار بەکاردەهێنن، بەتایبەتی کاتێک بیانەوێت پەیمانێک بەسەر حکومەتی عێراقدا بسەپێنن، لەوکاتەدا کوردیان هانداوە بۆ بەرزکردنەوەی یاداشت و کۆکردنەوەی واژۆ بۆ دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆ بۆ ترساندنی عێراق، بەڵام هەرکاتێک پەیمانەکەیان دەسەپاند هیچ ئاماژەیەکیان بە مافەکانی کورد نەدەدا (تەیب،٢٠٠٨، ل١١٦-١١٧). ڕێگەیان نەدا هیچ قەوارەیەکی سیاسی کوردی دابمەزرێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیان پرۆژەی ئۆتۆنۆمیان داهێنا بۆ لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە(مەنتک،٢٠٠٠، ل١٤٤)٠

بەشێوەیەکی گشتی. مەلای گەورە، وەک یەکێک لەو سیاسی و بیریارە زۆرانە بەبەڵێنەکانی بەریتانیا فێڵی لێکراو خەڵەتێنرا، بەڵام دوای فراوانبونی بیرو فکری لە دنیای سیاسەتدا، سەرنجی گۆڕا بەرامبەر بە ئینگلیزەکان، پاش ئەوەی زانیویەتی کورد وەک کارتی فشار بەکار دەهێنن. بۆی دەرکەوت بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەلەکەی نابێت پشت بە بێگانە لەوانەش ئینگلیز ببەسترێت، بۆیە دەربارەیان دەڵێت:

" سورەی موزەردی چاوشین نەکەی بە ئومێدی بی ئەوڵ بە قوەتی خۆت، دوەم بە عەونی ڕەبی".

هەر بۆیە دوای ئاشکرابونی دوڕوییەکانی ئینگلیزەکان ڕوی قسەکانی دەکاتە ڕۆڵەکانی گەلەکەی و لەبەر ڕۆشنایی ئەزمونەکانی بە ئاگایان دەهێنێتەوەو پێیان دەڵێت کە بەریتانیا داگیرکەرەو ڕزگارکەر نییە و بە بەڵێنەکانیان نەخەڵەتێن و پشت بە خۆیان ببەستن، تەنها بەچەکی زانست و تێکۆشان سەردەکەون(فقی علی٢٠١٠، ل١٥٨، الطالباني،١٩٧١، ل٢٤٢، اسكندر،٢٠٠٧، ل١١-١٢ vii)

## تەوەری دوەم: دیدگاو هەڵوێستی بەرامبەر شێخ مەحمودی حەفید و حکومەتەکەی:

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین، کە هەڵوێست و تێڕوانینی مەلای گەورە، بەرامبەر شۆڕش و حکومەتەکەی شێخ مەحمود هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە نەبو، بەڵکو جۆراوجۆری لە دیدگای دەبینرێت لە پشتگیری و ڕەتکردنەوە، ئەمەش دەکرێت لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ویستویەتی کورد بە مافەکانی بگات، گرنگ نییە لەسەر دەستی شێخ مەحمود بێت یاخود هەرکەسێکی تر بێت.

شایانی باسە، دوای تێکشکانی عوسمانیەکان لە یەکەمین جەنگی جیهانی و کشانەوەیان لە سلێمانی، بەناچاری دەسەڵاتیان دا بە شێخ مەحمود، بەهەمان شێوە کە بەریتانیەکانیش گەیشتنە سلێمانی لە ١٧ی تشرینی دوەمی ١٩١٨، ئەمانیش شێخ مەحمودیان وەک (حکومدار) ناساندو مێجەر نوئێل کرایە ڕاوێژکاری، چەندین بەڵێنیان بە کورد دا شاری کۆیە خرایە نێو چوارچێوەی دەسەڵاتەکەی (های،٢٠١٦، ل١٦٦-١٦٧، احمد،٢٠٠٧،ل٢١-٢٢). بۆ ئەوەش شێخ مەحمود و مێژۆر نوئێل دەیانویست شێخ عوسمان ببێتە قایمقامی کۆیە، لەمیانەی فراوانکردنی دەسەڵاتی شێخ مەحمود، (شێخ عوسمان) یان نارد وەک نوێنەری شێخ مەحمود بۆ قایمقامی کۆیە، ئەمەش بوە جێی نارەزایی (کاپتن های) و حەماغا بۆیە داوایان لێکرد شارەکە بەجێبهێڵێت(تەیب، ٢٠٠٨، ل٨٩-٩٢).

چونکە (های) لە چوارچێوەی ڕێکخستنە کارگێڕییەکەیدا، حەماغای کردە قایمقام و جەمیل ئاغا جێگری و مەلای گەورەش بوە دادوەر(قازی) کۆیە (کەریم،٢٠٠٩، لا١٢١)، لێرەدا مەلای گەورە پشتگیری نوێنەرەکەی شێخ مەحمودی نەکرد، چونکە لەم قۆناغەدا زیاتر بڕوای بە دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیزەکان هەبو(بابان زادە،٢٠١٢، لا١٤١).

سەرەڕای بەربەرەکانێی شێوە نهێنی نێوان شێخ مەحمود و حەماغا و دورخستنەوەی نوێنەری شێخ مەحمود لەکۆیە ئەمانە نەبونە هۆی تێکچونی پەیوەندیەکانیان بەیەکجاری(محمد، ل٨١). لەو میانەیەدا شێخ مەحمود دوای تێکچونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئینگلیز، داوای هاوکاری لە حەماغا کرد بۆ ڕاپەڕین، بەڵام ڕازی نەبو سەرەڕای تامەزرۆیی چینی گشتی شار بە سەرکەوتنی شێخ مەحمود (حەوێزی،٢٠٠٧، ل١٤٠-١٤٤). کەچی دوای شەڕی دەربەندی بازیانی ١٩١٩ و بەدیل گرتنی شێخ مەحمود و دورخستنەوەی کردنی بۆ هیندستان و گەڕانەوەی، مەلای گەورە هەڵوێستی گۆڕاوە، ئەمەش نەک بۆ دژایەتی شێخ مەحمود، بەڵکو نەیتوانیوە ئومێدی کورد لەسەر

ڕێبەرایەتیەکەی هەڵبچنێت، چونکە لەگەڵ ئەوەدا نەبوە دژایەتی ئینگلیز بکرێت و پشت بە تورکیا ببەسترێت (بابان زادە،٢٠١٢، ل١٤١).

ئەمە جگە لەوەش دەکرێت مەلای گەورە ڕازی نەبوبێت بە شێوازی کارگێڕی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، کە دەسەڵاتێکی هاوچەرخانە نەبو، چونکە حوکمدار بە خەڵات و بەرات سەرۆک هۆزەکانی لەخۆی نزیک دەخستەوەو زۆر بیری لە دوارۆژ نەدەکردەوە (حلمی،١٩٨٨، ل٨٤)، هەروەها وەک پێویست پشتی نەدەبەست بە توێژی ڕۆشنبیران بەگشتی و ئەفسەرەکان بەتایبەتی، جگە لە بێتوانای خۆی لەبواری دبلۆماسی و سیاسی، لە بواری سەربازیش توانای شەڕی ئینگلیزی نەبو (محێدین،٢٠٠٦، ل٣٥٤). سەرەڕای تێڕوانینی نەرێنی بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە شێخەکان. بەڵام بەشێکی کەموکوڕیەکانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود دەخاتە ئەستۆی ئەوانەی کە لە دەوروپشتی بون، بەوەی هەرکەس لە دەوڵەمەندو سەرۆک هۆز دەچونە لای داوای موچەیان دەکرد، بەڵام کەس نەبو شتێک لە پێناو حکومەتدا خەرج بکات کە ئەبوایە هەمو ماڵ و ڕوحیان لەسەر دەستیان دابنایە هەتا بە ئامانج دەگەیشتن (کۆیی،٢٠٠٩، ل٤٢٥).

لەڕاستدا مەلای گەورە، سەرسام نەبوە بە شێخ مەحمود و شۆڕشەکەی، ئەوەتا لەکاتی شۆڕشەکەی ڕەفیق حیلمی: (١٨٩٠– ١٩٦٠) کە یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی شێخ مەحمود، لە کۆیە زیندانی ئینگلیزەکان دەبێت و مەترسی لەسەر ژیانی دروست دەبێت، سەرەڕای نوسینی نامە لە بەندیخانەوە بۆ حاکمی شارو جێگرەکەی، بەڵام وەڵام نەدراوەتەوە، هەرچەندە مەلای گەورە، لەوکاتەدا دادوەر بوە (حلمی،١٩٨٨، ل١٤٣). ئەمە جگە لەوەی لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شاری کۆیە، دوای ڕۆیشتنی ئینگلیزەکان هەتا هاتنەوەی تورک، لایەنگرانی شێخ مەحمود لە ئەنجومەنەکەدا پەراوێز خرابون(بابان زادە،٢٠١٢، ل١٤٣).

شایانی باسە، مەلای گەورە، هەرچەندە وەک پێویست هاوکاری شێخ مەحمودی نەکرد، بەڵام خۆشویستوە و بەرامبەر بە ئینگلیزەکان بەرگری لەخۆی و شۆڕشەکەی کردوە، ئەمەش لە میانی سەردانێکی کاربەدەستە بەریتانییەکان بۆ لای مەلای گەورە و زانینی هەڵوێستی بەرامبەر شۆڕشی شێخ مەحمود دەردەکەوێت، کە داوای لێدەکەن بە شێخ مەحمود بڵێت واز لە شۆڕش بهێنێت، ئەویش پێیان دەڵێت گەر شێخ مەحمود وڵاتی ئێوەی داگیربکردایە ئایا ئێوە بێدەنگ دەبون؟ ئەوانیش دەڵێن نەخێر، ئەویش دەڵێت کەواتە شێخ مەحمود مافی خۆیەتی بەرەنگاریتان بکات. بەهەمان شێوە جارێکی تریش لەبارەی شێخ مەحمودەوە پرسیاری لێدەکەن، ئەویش لە وەڵامیاندا دەڵێت:" هەمو نەتەوەیەک مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانە، شێخ مەحمود شیاوترین کەسە ببێتە پاشاو سەرۆکی کوردستان، ئەمڕۆ کەس لەو گونجاوتر نییە (مەلا حوسێن،٢٠٠٩، ل٥٧٩)". ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمود، ماوەیەکی زۆر لەشکرێکی گەورەی شێخ، کە بەهۆی شەڕو فڕۆکەکانی ئینگلیز لە سلێمانی دابڕان لە چنارۆک لە ماڵی مەلای گەورە ماونەتەوەو هەموویانی خزمەت کردوە. هەروەها لە تۆمارەکانی سەردەمی دادوەریەکەیدا ناوی شێخ مەحمود بە حوکمداری کوردستان دەهێنێت، ئەمەش

بۆ ئەوکاتە بابەتێکی گرنگە (جەلیزادە،٢٠٢١ لا٦٦-١٣٦)، تەنانەت دوای بونی شێخ مەحمود بە مەلیکی کوردستان، لە وتاری ڕۆژانی هەینی دوعای بۆ خۆی و حکومەتەکەی کردوە (جەلیزادە، لا١٢٧).

پاش هێنانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان لە ساڵی ١٩٢٢، لە ئەنجامی ناڕەزایی خەڵکی کوردستان و فشاری تورکەکان، بەمەرجێک تورکەکان لە ڕەواندز دەربکات و دەست لە کاروباری هەولێرو کەرکوک وەرنەدات (ئێدمۆندس،٢٠٠٤، ل٣٨٦). ئینگلیزەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە هەمان ساڵدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان سەبارەت بە مافەکانی کورد ڕاگەیاند، بەڵام دواتر پەیوەندیەکانیان تێکچو، ئەوەبو شێخ مەحمود کەوتە ژێر کاریگەری تورکەکان و هاوکاری کردن و خۆی بە مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند (محمد،٢٠٠٤،ل٢٧٠). ئەوانیش لە پەیمانەکە پاشگەزبونەوەو سنورەکەیان بەتەواوی بچوک کردەوە[viii]. لەساڵی ١٩٢٣ هێرشیان کردە سەرسلێمانی و داگیریان کرد، پاشان تورکەکانیان لە ڕەواندوز دەرکردو سەید تەهای نەهریان کردە قایمقامی، پاشان لکاندیان بە لیوای هەلێرەوە ئیترئیشیان بە شێخ مەحمود نەما(احمد،٢٠٠٧، ل٢٧، اسماعیل،١٩٦٨، ص٢١٨).

لەڕاستیدا ئینگلیزەکان سیاسەتی دوفاقیان بەرامبەر بە کورد پیادە دەکرد، لەلایەک بەڵێنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتیان بە شێخ مەحمود دەدا، بەڵام دواتر لێی پاشگەز بونەوە بەتایبەتی دوای کۆنگرەی قاهیرە. لە لایەکی ترەوە سیاسەتی نوێیان بریتی بو لە نزیک کردنەوەی کورد لە حکومەتی عێراق، بۆیە لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ پلانیان دادەنا بۆ لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقی عەرەبیەوە (محمد صالح،٢٠١٧،ل٢١-٢٢). واتە شێخ مەحمود لە ژینگەیەکی ئێجگار دژواردا بو، بەهۆی سیاسەتی تەمومژاوی ئینگلیزەکان، کە ناوبەناو پشتگیریان دەکرد، بەڵام زیاتر بەرژەوەندی خۆیان و حکومەتی عێراقیان مەبەست بو (محێدین،٢٠٠٦، ل٣٥).

پێدەچێت لەم کاتەدا مەلای گەورە بەتەواوەتی بێ ئومێد بوبێت لە حوکمی شێخ مەحمودو مەلیکایەتیەکەی (بابان زادە، ل١٤٤). هەرچەندە لەسەرکەمکردنەوەی سنوری دەسەڵاتی شێخ مەحمود ناڕازی بوە، کاتێک یەکێک لە کاربەدەستە ئینگلیزەکان لێی پرسیوە چۆن لە حکومەتی شێخ مەحمود دەڕوانیت؟، ئەویش وتویەتی ئەو سنورەی بۆتان دیاریکردوە بۆ سوپایەک ناشێت کە مەشق و مانۆڕی سەربازی تێدا بکات (عەلائەدین،٢٠١٤،ل٢٥، شارەزا و ئەوانی دی،٢٠٠٩، ل٣٠٥)، گەر سنوری دەسەڵاتەکەی بەشێک لە کوردستانی ئێران و تورکیای لەسەر بوایە بەشێوەیەک بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێگەی بدایە، ئەوجا شایانی حوکمدارێتی دەبو توانای مانەوەو گەشەسەندنی دەبو نزیک دەبو لە هێنانەدی ئاواتەکانی ئێمەی کورد(حاجی،١٩٧٥، ص٤٠).

بەشێوەیەکی گشتی، مەلای گەورە ئاواتخواز بوە دەوڵەتی کوردی دروست ببێت، بەڵام دوای دەرنەچونی شێخ مەحمود لە تاقیکردنەوەی ئینگلیز و بیرکردنەوەیان لە جێگرەوەیەک بۆی کە(حەمدی بەگی بابان) بو (حلمی،١٩٨٨،ل٨٩-٩٣)، مەلای گەورە، چونکە هیچ هیوایەکی نەدەبینی بۆ سەربەخۆیی کورد جگە لە سایەی ئینگلیز، بۆیە پێیوابو لەم قۆناغە بەدواوە مەرج نییە شێخ مەحمود ئەو سەرکردەیە بێت کە میللەت لە سایەیدا بحەوێتەوە، بۆیە دەبێت ئینگلیز بڕیار بۆ کوردستان بدات نەک شێخ مەحمود، هەربۆیە لەگەڵ جەمیل ئاغا یاداشتیان دا بە

ئینگلیزەکان و پێیان دەڵێن گەر ئێوە دەتانەوێت قەوارە بۆ کورد دروست بکەن ئەوە شێخ مەحمود ڕۆشت، بەڵام کورد ماوە، پێشنیار دەکات یەکێک لە بنەماڵەی بابان بۆ ئەم کارە هەڵبژێرن. کە گومان بۆ حەمدی بەگ چوە. ئەمە جگە لەوەی داوای لە ئینگلیزەکان کردوە کە ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری کورد لە ناوچە کوردیەکان دابمەزرێنێت (عەلائەدین،٢٠١٤، ل٦٤-٦٧، حاجی،١٩٧٥، ص٨٤-٨٧).

لە کۆتاییدا بەبۆچونی ئێمە دەکرێت مەلای گەورە، شێخ مەحمودی، خۆش ویستبێت، هەرچەندە نەیتوانیوە وەک پێویست هاوکاری بکات، دەکرێت شێخ مەحمودیش لەوەزیاتری لێ چاوەڕوان نەکردبێت.

## باسی سێیەم: بەشداری سیاسی مەلای گەورە(١٩٢٤- ١٩٢٨).

مەلای گەورە، کەسێکی کراوە بو، لەهەر قۆناغێکدا پەیوەندییە سیاسییەکانی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەی و سودی گشتی و ئەمن و ئاسایش و بەدەمەوەچونی خزمەتگوزاری ناوچەکەی مەبەست بوە، لە بەرامبەر پشتگیریکردنی کەسایەتی و هێزێکی دیاریکراو، لەم قۆناغەشدا دۆستایەتی لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ قۆستوەتەوە بۆ خزمەتکردنی شارەکەی، لەبەرامبەردا مەلیک سودی لەو وەرگرتوە بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی (بابان زادە،٢٠١٢، ل١٥١). ئەم پەیوەندیەشیان زیاتر دوای بونی فەیسەڵ بە ڕیفراندۆمێکی ساختە لە ١٩٢١بە پاشای عێراق دروست بو (تەیب،٢٠٠٨، ل٩٩)، کە لە ئاهەنگی تاج لەسەرنانی نوێنەری گشت لیواکانی عێراق بەشداریان کرد جگە لە لیوای سلێمانی و کەرکوک (مظهر،-،ل١٤١). مەلای گەورە بەیعەتی پێداو داوای لێکرد ئەویش مافەکانی کورد بدات (العامري،٢٠١٨،ل٢٤٦)، چونکە لەم قۆناغەدا زانیویەتی دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆ بۆ کورد کارێکی ئەستەمە، هەربۆیە سیاسەتی بە هونەری تواناداری زانیوە، چونکە بێئومێد بوە لە ئینگلیز و دەیزانی سیاسەتیان بەتایبەتی(کوکس و کورنوالیس) لەگەڵ عێراقی یەکپارچەن (شێخ شەرەف،-، ل٣٥).

شایانی باسە گرنگترین ڕوداوی ئەم قۆناغە، کە ڕۆڵ و هەڵوێستی مەلای گەورەی تێدا بەرجەستە بوبێت بریتیە لە: پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق و یەکلابونەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ. کە بەکورتی باسیان دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم: ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق(المجلس التاسيسي العراقي).

سەرەتای ئەزمونی عێراقییەکان لەگەڵ ژیانی پەرلەمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دوەم، کە بە فەرمانێکی سوڵتانی لە ساڵی ١٨٧٦ دەستورو پەرلەمانی ڕاگەیاند، لە خولی یەکەمدا سێ نوێنەر لە بەغداد و دو نوێنەر لە بەسرە نێردران بۆ ئەستەمبوڵ، بەڵام ئەنجومەنەکە لە ساڵی ١٨٧٨ هەڵوەشایەوە، پاشان سوڵتان لە ساڵی ١٩٠٨ بەفشاری ئیتیحادیەکان دەستوری گێڕایەوە، ئەم جارەیان ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرە و موسڵ ١٧ نوێنەریان ناردە پەرلەمان (احمد،٢٠٠٧، ل٣٥-٤١). ئەم بەشداریانە بونە هۆی هۆشیاری سیاسی لای عێراقیەکان بۆ داواکردنی دەسەڵاتی یاسادانان، بانگەشەی ئەمەش زیاتر لە کاتی شۆڕشی بیست باس دەکرا، کەوەک یەکێک لە دەرەنجامەکانی بوە هۆی گۆڕینی سیاسەتی بەریتانیا لە عێراق، فەیسەڵ لە ڕۆژی تاج لەسەرنانی ڕایگەیاند کە

دەبێت حکومەتی دەستوری بێت واتە دەبێت ئەنجومەنی هەڵبژێردراو هەبێت. هەرچەندە دامەزراندنی ئەنجومەنەکە هەروا ئاسان نەبو، بەڵکو دوچاری چەندین گرفت بو بەتایبەتی فتوای پیاوانی ئاینی شیعە لە نەجەف و کەربەلا و کازمیە بە حەرامکردنی بەشداری لە هەڵبژاردن، جگە لە مەترسی عێراقیەکان لە پاکوبێگەرد نەبون و سەپاندنی باج و کردنە سەرباز و شۆڕشی شێخ مەحمود (الدوسکي،٢٠٠٨،ل٢٩، احمد،٢٠٠٧، ل٤٦-٤٨).

لەڕاستیدا سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەم هەڵبژاردنی ئەنجومەن، بەڵام دامەزراندنی ڕوداوێکی گرنگ بو لە مێژوی عێراق، ڕۆڵ و کاریگەری هەبو لە ڕوی سیاسی و ئابوری، کە بوە هۆی دانانی بناغەی سیستەمێکی حوکمڕانی لە عێراق کە هەتا ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بو، ئەنجومەنەکە بوە سەکۆی شانۆی سیاسی کە بەریتانیا دەیویست زۆرترین دەسکەوتی تێدا بەدیبهێنێت، نەتەوەییە عێراقیەکانیش ئاواتیان بو پەیوەندیان لەگەڵ بەریتانیا سەربەخۆیی وڵاتەکەیان لەکەدار نەکات. سەرەڕای کەموکوڕیەکانی یەکەم دەزگای نوێنەرایەتی و ژیانی پەرلەمانیە لە عێراق.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی ناوچە کوردییەکان، هەڵبژاردن نەکرا لە هەندێک ناوچە بەتایبەتی سلێمانی، چونکە لەژێر دەستی شێخ مەحمود بو، هەروەها لە ناوچەکانی ڕەواندوز و ڕانیەو ڕۆژهەڵاتی ئەو هێڵانەو بەشێک لە لیوای هەولێر و کەرکوک (هەمان،ل٢٧٠- ٦٥٥)، بەڵام لە ٢٠ کانونی دوەمی ١٩٢٤ هەڵبژارادرن لە دەرەوەی شاری سلێمانی کراو پێنج کەس لە لیوای سلێمانی بە نوێنەر دەرچون کە زۆربەیان لایەنگری دەسەڵات بون، لەبەر ئەوەی جێی ئومێدی هاوڵاتیان نەبون، شێخ مەحمود و پیاوماقوڵان لە ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال ڕایانگەیاند ئەمانە نوێنەری شار نین (الدوسکي، ل٣١، احمد، ل٤٩)، هەرچەندە لە دەستەبژێرو کەسەدیارەکانی ناوچەکانی خۆیان بون. کە یەکێکیان شێخ قادری برای شێخ مەحمود بو (محمد،٢٠٠٤، ل٣٧٥).

لە هەولێرو کۆیە هەڵبژاردن کراو ناوی پاڵێوراوان بە شوێنە گشتیەکاندا هەڵواسران، هەشت ئەندام لە لیوای هەولێر هەڵبژێردرا، کە یەکێکیان مەلای گەورە بو. لە لیوای موسڵ دو کورد و لە لیوای کەرکوک چوار کورد هەڵبژێردران، بەمەش کۆی گشتی نوێنەرە کوردەکان گەیشتە ١٩ کەس لە کۆی ٣٢ نوێنەری هەر چوار لیوای(موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلیمانی)، کە کۆی گشتی ئەندامانی ئەنجومەنەکە ٨٦ ئەندام بو(احمد،٢٠٠٧، ل٥٠).

بە ئامادەبونی جەعفەر عەسکەری سەرەک وەزیران[ix]، عەبدولموحسین سەعدون کرایە سەرۆکی ئەنجومەن. لە ٢ ئابی ١٩٢٤ کۆتایی بە کارەکانی هات. مەلیک لە ڕۆژی کردنەوەی ئەنجومەنەکە وتارێکی پێشکەش کرد، مەبەستە سەرەکیەکانی ئەنجومەنەکەی خستەرو کە بریتی بون لە: (الحسيني، ١٩٨٨، ص٢١٣).

١- پەسەندکردنی پەیمانی عێراقی- بەریتانی ساڵی١٩٢٢، پاش چەندین وتوێژی دور درێژ، لە کۆبونەوەی(٢٤) ڕۆژی سێشەمەی ١٠حوزەیرانی ١٩٢٤ پەسەند کرا لەلایەن ٣٧ ئەندامی ڕازی (النجار،١٩٨٣، ص٦٧٠).

٢- دانانی دەستوری عێراقی، بۆ دڵنیایی لە مافەکانی تاک و کۆمەڵ و چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ناوخۆ، لە کۆبونەوەی ژمارە(٤١) ١٠ی تەموزی ١٩٢٤ پەسەند کرا، کە لە ١٢٥ مادددە پێکهاتبو، لە هیچکامیان ئاماژە بە مافەکانی گەلی کورد نەکرابو (مەنتک،٢٠٠٠،ل٢٢١).

٣- دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە کۆبونەوەی ژمارە(٤٩) ٢- ئابی ١٩٢٤ پەسەندکرا (عەلائەدین،٢٠١٤، ل٢٠، احمد،٢٠٠٧، ل٥١، محمد،١٩٧٤، ص٤٨٥-٤٨٧).

سەبارەت بەڕۆڵی مەلای گەورە، لە ئەنجومەنی دامەزراندن کە ماوەکەی نزیکەی شەش مانگی خایاند، لەو ماوەیەدا چوەتە بەغداد و وازی لە کاری دادوەری کۆیە هێناوەو سپاردویەتی بە شێخ نورەدینی برای هەتا گەڕاوەتەوە (شارەزا و ئەوانی دی،٢٠٠٩، ل٣٠١). مەلای گەورە، بەشداری کارامەی لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنەکەدا کردوە لە سەرەتا هەتا کۆتایی خولەکە (فقی علی،٢٠١٠،ل١١٠). لەو ماوەیەدا لە نوێنەرەکان چەندین کەسی بەتوانا دەرکەوتن، کە خاوەن کەسایەتی بەرزو هۆشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری فراوان بون هەرچەندە ژمارەشیان کەم بو، چونکە زۆربەی ئەندامەکان خاوەن موڵک و زەویوزار و سەرۆک هۆزەکان بون، کە زۆرینەیان نەخوێندەوار بون (محمد،١٩٧٤، ص٤٧٨-٦٥٤)، بەڵام مەلای گەورە، یەکێک بوە لە ئەندامە لێهاتوەکان، زۆربەی سەرچاوەکان باس لە ڕۆڵی کاریگەری دەکەن و بەهەمو توانایەکەوە ماف و بەرژەوەندی گەلی عێراق بە گشتی و نەتەوەکەی بەتایبەتی خستۆتە بەرچاو، لە کاتێکدا ئەو باسی مافەکانی گەلەکەی دەکرد کە کەس لەو کاتەدا نەیوێراوە باسی بکات (سعید،٢٠١٩، ص٣٦). هەندێک لە وتەکانی بە عەرەبی لە کتێبی(مذكرات المجلس التاسيسى) تۆمارکراوە، کە بوێرانەو زانایانە بیروڕاکانی خۆی بەرامبەر کاربەدەستان دەربڕیوە(عەبدوالخاق، ٢٠١٤، ل٣٣، تاهیر،-، ل١٥٥)، چونکە بە هەقگۆیی و نیازپاکی دەدوا بە گوفتار و ڕاوبۆچونەکانی ئەندامەکانی ئەنجومەنەکەی دەهەژاند(کەریم، ٢٠١٩، ل٧٨).

لە ماوەی ئەندامێتی لە ئەنجومەن ومانەوەی لە بەغداد پەیوەندی لەگەڵ چەندین کەسایەتی زانستی و دروست کرد لەوانە شێخ (نعمان الاعظمي)، کە زانایەکی ئاینی بە توانا بوە و زۆر جار سەردانی کردوە (فقی علی، ٢٠٠٦، ص١٣٢).

هەروەها پەیوەندی لەگەڵ چەندین کەسایەتی سیاسی هەبو لەوانە مەلیک فەیسەڵ، پەیوەندیەکەیان بەڕادەیەک بوە مەلیک پێیوتوە، وەرە لە کۆشکی پاشایەتی بژی و هەمو پێداویستیەکانت بۆ دابین دەکەم، بەڵام ئەو ڕازی نەبوە (کاکە محمود،٢٠٢١، ل١٠٨). بەهۆی بەشداری جدی مەلای گەورە، لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن و هەڵوێستە بوێرانەکانی بوەتە جێی سەرنجی مەلیک فەیسەڵ (هەورامی،٢٠١٨،ل٢٤٧). بەڕادەیەک پێی سەرسام بوە کە مەلیک پێی وتوە دێمە لات بۆ دەرس خوێندن (گورژی، ٢٠٠٩، ل١٢٤).

مەلای گەورە ئامادەیی دەربڕیوە، مەلیک بۆ ئەم مەبەستە چەند هەزار ڕوپیەیەکی نارد یۆ دروستکردنی قوتابخانە،کە بڕیار بو سێ مانگی ساڵی داهاتو تێدا بخوێنێت و ناونرا قوتابخانە، شوێنێکی تایبەت بە مانەوەی مەلیک کە ناونرا(قەسر)، دروستکران لە سەر پارچە زەویەکی مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد لە ساڵی ١٩٢٥ تەواو بون، بەڵام

مەلیک نەیتوانی ئامادەبێت بەهۆی سەرقاڵی بە کاروبارەکانی دەوڵەت، لەوانە گیروگرفتی ویلایەتی موسڵ، بۆیە نامەی پۆزش و کۆمەڵێک کتێبی بۆ مەلای گەورە نارد، بەڵام مەلای گەورە، ئەم نەهاتنەی لە بیر نەکردو دڵگران بو(محمد،٢٠١٠، ل١٠٣-١٩١، جەلیزادە،٢٠٢١، ل١١٩). هەروەها هەر لە ماوەی ئەندامێتی لە ئەنجومەن جارێک مەلیک نیوەڕۆیەک بانگهێشتی دەکات بۆ کۆشک، مەلیک فەرمانی نان خواردن دەدات، بەڵام مەلای گەورە توڕە دەبێت و دەڵێت:" بۆچی مەگەر ڕەمەزان نییە؟ لام وایە ئێوەی عەرەب ئیسلامەتیەکەتان هەر بە ملی کورداندا هێشتوەتەوە خۆتان باوەڕتان پێی نییە، خۆ ئێوە بەسایەی ئیسلامەوە توانیوتانە خۆتان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن (گورژی،٢٠٠٩، ل٥٥٦).

لەو کەسایەتییە سیاسییانەی تر کە لەو کاتەدا سەرسام بون بە مەلای گەورە، سەرەک وەزیران جەعفەر عەسکەری بو کە کەسایەتییەکی کوردە و بە کوردی پێکەوە قسەیان کردوە، سروشتیان لە یەک نزیکبوە و یەکتریان خۆشویستوە، هەمیشە لە دەعوەتەکانی مەلای گەورەی بانگهێشت دەکرد. بەشداریە بوێرو ڕاستگۆکانی مەلای گەورەی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی دامەزراندن پێخۆش بوە (جەلیزادە،ل١٢٣، فقی علی، ٢٠١٠، ل١٢٠)٠ هەروەها پەیوەندی پتەوی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەن عەبدولمحسن سەعدون هەبو، بەتایبەتی لەکات و ڕۆژانی گفتوگۆ لەسەر پەسەندکردنی پەیمانی ساڵی ١٩٢٢ کە چەندین ئەندامی ئەنجومەن داوای دواخستنیان دەکرد بۆ دوای یەکلابونەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بە سودی عێراق (الحسینی،١٩٨٨،ل٢٢٧).

سەبارەت بە بۆچونی نوێنەرە کوردەکان، نوێنەرانی سلێمانی دەنگیان لە بەرژەوەندی پەیمانەکەدا، سەرەڕای ئەوەی لە پەیمانەکەدا بەهیچ شێوەیەک ناوی کورد نەهاتبو، لە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی مەلای گەورە، بایکۆتی دانیشتنی پەسەندکرنی پەیمانەکەی کرد (جەلیزادە، ل١٢٣، حاجی،١٩٧٥، ص١٤٠، شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل١٥٤). هەرچەندە زۆربەی ئەندامە کوردەکانی هەولێرو کەرکوک لەگەڵ بۆچونی جەعفەر عەسکەری بون، بەمەرجێک بەریتانیا لەمەسەلەی موسڵ پشتگیری عێراق بکات (مەنتک،٢٠٠٠،ل٢٢١، حلمی،١٩٨٨، ل٤٦٥)٠

شایانی باسە، زۆربەی ئەندامەکان لە دانیشتنەکانی سەر بەم پەیمانە ئامادەنەدەبون، هەندێکیان داوای دەستەلەکارکێشانەوەیان دەکرد، مەلای گەورە، هۆکاری ئەمەی ئاشکرا کرد کە مەترسی بو لەسەر تیرۆرکردنیان(محمد،١٩٧٤، ص٤٩٨-٥٣١)٠ لە یەکێک لە دانیشتنەکان کە بۆ پەسەندکردی پەیمانەکە بەسترا، خۆپیشاندانێکی گەورە لەبەردەم ئەنجومەن ڕێکخرا، بە هوتاف کێشان داوای سەربەخۆیی و پەسەندنەکردنی پەیمانەکە دەکرا، دوای دروستبونی تەقە ئەندامەکان هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵهاتن، بەڵام مەلای گەورە، لەجێی خۆی ناجوڵێت، دواتر سەرۆکی ئەنجومەن لێی دەپرسێت چۆن مایتەوە؟ ئەویش دەڵێت لەبەر سێ شت کە هەریەکەیان تەنها بەسە بۆ ئەوەی لە جێی خۆم نەبزوم. ئەوانیش یەکەم موسڵمانم. موسڵمانیش دەبێت ئازا بێت. دوەم. مەلام، مەلاش دەبێت لە هەمو موسڵمانێک ئازاتر بێت. سێیەم. کوردم، کوردیش هەرگیز نابێت بترسێت (عەلائەدین،٢٠١٤،ل٢٠-٢١، جەلیزادە، ل١٢٣-١٢٤، الحسینی، ١٩٨٨،ل٢٤١).

بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی سەرچاوەکان کە باس لە مەلای گەورە دەکەن، ئاماژە بە ڕۆڵی کارای دەکەن لەو ماوەی ئەندامێتی لە ئەنجومەنی دامەزراندن بۆ داواکردنی مافەکانی میللەتەکەی، بەنمونە لە دانیشتنی ٢٦ حوزەیرانی ١٩٢٤ کە تایبەت بو بە بابەتی خوێندن بە زمانی کوردی دوای ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەن و نوێنەری موسڵ دانیان نا بە ڕەوایەتی خوێندن بە زمانی کوردی، مەلای گەورە وتارێکی بەپێزی پێشکەش کردکە چەند جارێک بە چەپڵە پێشوازی لێکرا، ڕایگەیاند نەتەوەی کورد کەمەنەتەوە نییە، زۆرینەی کورد عەرەبی نازانن، داوا لە برا عەرەبەکان دەکات وەک چۆن ئێمە ڕێزیان دەگرین ئەوانیش ڕێزمان بگرن، بەکارهێنانی زمان بە پێویست دەزانێت بەهۆکاری مانەوەی دادەنێت، وەک چۆن زمانی عەرەبی زمانی ئاینەو گرنگی خۆی هەیە، زمانی کوردیش گرنگی خۆی هەیە، داوای لە سەرۆک و ئەندامان کردوە بۆ خوێندن بەزمانی کوردی وەگەر نا میللەتەکە بە لەناوچونی زمانەکەی لەناو دەچێت(مظهر،ل٢٠١-٢٠٢). هەروەها لە هەوڵەکانی لەکاتی ئەندامێتی ئەنجومەن جارێک بە عەرەبییەکی ڕەوان بەشێوەیەکی ڕێزمانی وتارێک پێشکەش دەکات، چەند ئەندامێکی عەرەب بە تەوسەوە دەڵێن:" دەڵێی سیبەوهیە". ئەویش دەست بەجێ وتارەکەی دەکات بە تورکی و پێیان دەڵێت:" وام دەزانی ئێوەش وەک ئێمە زمانەکەتان لا پیرۆزە، چونکە زمانی قورئانە". ئەوانیش شەرمەزار دەبن و داوای لێبوردن دەکەن(عەلائەدین،٢٠١٤،ل٢١).

شایانی باسە، ئەنجومەنی دامەزراندن لە ٢ی ئابی ١٩٢٤ بە دەسەڵاتێکی کارگێڕی مەلەکی هەڵوەشایەوە دوای تەواوکردنی کارەکانی و لە دانیشتنی ژمارە ٤٩ دوای دەنگدان بە یاسای هەڵبژاردن عێراق چوە ناو ژیانی دەستوری(الدوسکي،٢٠٠٨، ل٣٣، محمد،٢٠١٢، ص١٧، محمد،١٩٧٤، ص٦٥٢). مەلای گەورە، دوای تەواوبونی ماوەی ئەندامێتیەکەی بەپێی ئەو مەرجانەی بۆ ئەندامانی نوێنەرانی دانابو. چاودێری پەرلەمانتارە کوردەکانی کردوە، کە زۆرینەیانی بە شایستەی ئەو شوێنە نەزانیوە، بەنمونە لە ساڵی ١٩٢٥ هەڵبژاردن کرا، زۆربەی نوێنەرەکانی لایەنگری حکومەت و مەلیک دەرچون، ڕۆژنامەی ژین باسی نوێنەرە کوردەکان دەکات بەوەی کە زۆربەیان مەرجەکانی ئەندامێتیان تێدا نییە(الدوسکي،٢٠٠٨، ل٣٤). هەرچەندە هەندێکیان لێهاتو بون و هەوڵیان داوە خەباتی سیاسی بکەن. بە نمونە لە ساڵی ١٩٢٨نوێنەرە کوردەکان داوایان کرد یەکێتیەکی کارگێڕی لە کوردستان دابمەزرێت لە شارەکانی هەولێرو کەرکوک و سلێمانی لەگەڵ ئەوەی لیوایەک لە قەزا کوردییەکانی موسڵ دروست بکرێت، کاروباری کارگێڕی لەژێر فەرمانی پشکنەرێکی کوردا بێت، جگە لەداوای زیادکردنی بودجەی پەروەردە، بەڵام وەڵامی داواکاریەکەیان نەدرایەوە (مەنتک،٢٠٠٠،ل٢٦٨).بەبونی عێراق بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و سەربەخۆبونی گورزێکی کوشندە لە هیواکانی کورد درا، لەم کاتەشدا یاداشتی پەرلەمانتارە کوردەکان پشت گوێ خرا (محێدین، ٢٠٠٦،ل٢٤-٤٧).

بەشێوەیەکی گشتی، مەلای گەورە، گەشبین نەبو لە بەدیهاتنی مافەکانی کورد لەڕێگەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەعیان، کە حکومەتی عێراق بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەناوی وەزیرو نوێنەر چەند کوردێکی دەرچواند، ئەوانیش چونە پاڵ حکومەت بۆ ساردکردنەوەی میللەت لە خەبات (بن عربیة،-، ل٣٤).

### تەوەری دووەم: دید و هەڵوێستی لە كێشەی ویلایەتی موسڵ:

كاتێک یەكەمین جەنگی جیهانی كۆتایی هات، سوپای بەریتانیا ١٢ میل لە دوری شاری موسڵ بو، دوای چەند ڕۆژێک لە ئاگر بەستی مۆدرۆس هێزەكانی بەریتانیا چونە ناو شاری موسڵ و بە زۆر داگیریان كرد، ئەمەش بوە هۆی دروست بونی كێشەیەک لە نێوان توركیا و بەریتانیا كە بە كێشەی ویلایەتی موسڵ ناسرا. كە هەریەكەیان ویلایەتەكەی بەمافی خۆی دەزانی(بن عربیة،٢٠٢٠، ل٣٤). بۆ ئەم مەبەستە توركەكان لە ساڵی ١٩٢١ (رەمزی بەگ) یان كردە قایمقامی ڕەواندوز، دواتر لە ساڵی ١٩٢٢عەلی شەفیق(ئۆزدەمیر) گەیشتە ڕەواندز بە مەبەستی گەڕانەوەی تەواوی ویلایەتەكە بە هاوكاری عەشیرەتە كوردەكان بە هێز بۆ سەر توركیا (احمد، ٢٠٠٧، ص٢٥). مەلیک فەیسەڵ لە چەندین بۆنەدا ڕایدەگەیاند كە واز لە موسڵ ناهێنن، موسڵ بۆ عێراق وەک سەر وایە بۆ لەش (تەیب،٢٠٠٨، ل١٠٦)، كێشەی موسڵ كێشەی هەمو عێراقە (حسین،٢٠٠٧،ل٩٣)، هەربۆیە گشت هەوڵەكانی خستەگەڕ بەمەبەستی لكاندنی ویلایەتەكە بە عێراقەوە.

لەو میانەیەدا مەلیک یەكەم سەردانی بۆ شاری هەولێر كرد بە مەبەستی هاندانی دانیشتوانەكەی و لە كۆشكی مەلا ئەفەندی لە باداوە دابەزی، گەورە پیاوانی لیواكە بانگهێشت كران، سەرۆكی وەفدی كۆیە مەلای گەورە بو، لە میانی كۆبونەوەكەدا مەلیک وتارێكی پێشكەش كردو داوا لە جەلیزادە كرا بیكاتە كوردی كە ڕاشكاوانە لەگەڵ ئەوە بو ویلایەتەكە بخرێتە سەرعێراق. هەر بۆیە(صبیح نەشئەت[x])، لەبەر ئەم هەڵوێستە بەمەلای گەورە دەڵێت:" قوربان چی داواكاریەک و ئارەزویەک بفەرمویت مەلیک جێبەێجێ دەكات، فرسەتەو هەمو جارێک ناگەڕێتەوە" لەوەلامدا مەلای گەورە دەڵێت:" هیچم ناوێت (محمد،٢٠١٠، ل ١١٥-١١٦، جەلیزادە، ل١٢٨)".

شایانی باسە، هەردو لایەنی ناكۆک لەسەر ویلایەتەكە(بەریتانیا و عێراق)، لە دوای ڕێكەوتنی لۆزانی ١٩٢٣ ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی گەر لەماوەی نۆ مانگدا ڕێكنەكەوتن ئەوا كێشەكە بخەنە بەردەم كۆمەڵەی گەلان. ئەوەبو دوای ڕێكنەكەوتنیان كێشەكە خرایە بەردەم كۆمەڵەی گەلان كە لەڕاستیدا بە پلانی ئینگلیز و سەركەوتنی پلانیان بو بەسەر توركیا، چونكە كۆمەڵەی گەلان پشتگیری بەریتانیای دەكرد لەم مەسەلەیەدا (حسین، ٢٠٠٧،ل٢). بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵەی گەلان لیژنەیەكی سێ كەسیان ناردە ویلایەتەكەو لە ٢٧ كانونی دوەمی١٩٢٥ گەیشتنە موسڵ ماوەی دو مانگ مانەوە، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچونی دانیشتوانی ویلایەتەكە سەردانی زۆرێک لە چین و توێژەكانیان كرد و لەمیانەیدا سەردانی (هەولێر و سلێمانی و كەركوک و كۆیە و كفری و سۆران) یان كرد، كە زۆربەیان دژی لكاندنی ویلایەتەكە بون بە عێراقەوە، لە ڕاستیدا گەر ڕەگەز لەبەرچاو بگیرایە دەبوایە دوڵەتێكی كوردی سەربەخۆی تێدا دروست بكرایە (لونكریک،١٩٨٨،ل٢٥٤، تەیب،٢٠٠٨ ل١٠٤).

لەسەردانی لیژنەكە بۆ هەولێر لە باداوە لای مەلا ئەفەندی دابەزین، مەلای گەورە بەسەرۆكایەتی وەفدێک بانگهێشتكرا كە پێكهاتبون لە جەمیل ئاغاو ئەحمەد ئاغاو چەندانی تر، سەرۆكی لیژنەكە لە ڕێگەی صبیح نەشئەت لە مەلای گەورە دەپرسن ئایا ئێوە توركیاتان دەوێت یاخود عێراق؟، مەلای گەورە لە شێوازی پرسیارەكە تورە

دەبێت و دەڵێت:" من وەڵامی پرسیاری وا نادەمەوە، بۆ ئێمە ئافرەتین و بە مێردمان دەدەن؟ ئەبێت ئاوا بپرسن ئایا دەتانەوێت لەگەڵ گەلی تورک لە کۆماری تورکیا، یان لەگەڵ برا عەرەبەکان لە عێراق بژین، چونکە ئێمەش وەک ئەوان میللەتین مافمان هەیە بەڕێزەوە بژین". سەرۆکی لیژنەکە داوای لێبوردن دەکات و دەڵێت هەقتانە (شێخانی،٢٠١٥، ص٥٧-٥٨، عەلائەدین،٢٠١٤، ل٣٥).

مەسعود محەمەد سەبارەت بەم باسە دەڵێت:" کە گفتوگۆ دەستیپێکرد لە نێوان لیژنەکەو مەلای گەورە، سەرەتا بڕیار بو بە خێرایی تەواو بێت، چونکە بابەتەکە پرسیار و وەڵام بو، بەڵام کە بۆچونی مەلای گەورە زانرا بڕیار درا ئەو ڕۆژەی دابنرێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەلای گەورە کە چەند کاتژمێرێکی خایاند(حاجی، ١٩٧٥، ص٤٠)". لە کۆتایی کۆبونەوەکە مەلای گەورە ڕایگەیاند کە پەیوەندی مێژوی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئێمە وەها گونجاوەو باشترە لەگەڵ برا عەرەبەکان لە عێراق بەیەکسانی لە ئەرک و مافدا بژین. سەرۆکی لیژنەکە وتی:" لە ڕاستیدا ئەم کەسایەتییە شایستەی ئەوەیە بکرێتە ئەندامی دادگای (لاهای) هەرچەندە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی نییە (کمال،-، ل١٩٤، نەبەز،٢٠١٨،ل٢٤٦،)". شایانی باسە مەلا ئەفەندی لەمەدا پشتگیری مەلای گەورەی کردوە (فق علی،٢٠١٠، ص١٦).

دوای گەڕانەوەی لیژنەکە لە هەولێر، چاویان بە مەلیک فەیسەڵ دەکەوێت لە بەغداد، کاتێک مەلیک هەواڵی وەڵامی مەلای گەورە بۆ لیژنەکە دەبیستێت زۆری پێخۆش دەبێت بۆیە(تەفسیری بیضاوی وچوار جەڵد کتێبی عقد الفرید) ی بەدیاری بۆ دەنێرێت، لەگەڵ سوپاسنامەیەک کە تیایدا دەڵێت:" بەهۆی خزمەتەکانی مەلا محەمەد ئەفەندی بۆ یەکێتی عێراق هیچ شتێکم نەبینی شایانی ئەوە بێت بە دیاری بینێرم جگە لەم کتێبانە (جەلیزادە، ل١٢٧، العامري،٢٠١٨،ل٢٦، فقی علی، ٢٠١٠، ص١٦٦)".

یەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی باشوری کوردستان سەربەخۆییان دەویست، بەڵام شێوەی پرسیاری لیژنەی کۆمەڵی گەلان دو لایەنی دیاری کردبو، بواری بۆ بۆچونی سێیەم نەهێشتبوەوە، دانیشتوانی ویلایەتەکە بەهۆی ستەمی ئیتیحادیەکان بێزار بو بون لە تورک، سەرەڕای ئەوەی کە تەنها بۆچونی کەسایەتیەکان لە زانای ئاینی و شێخ و سەرۆک هۆزەکانیان وەرگرتوە کە یەکێک لەوانە مەلای گەورە بو، ئەویش لەبەر ئەزمونی تاڵی لەگەڵ تورک، عێراقی پێ باشتر بوە (تەیب،٢٠٠٨، ل١٠٥). جگە لەوەی ئینگلیزەکان هەمو هەوڵێکیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی لیژنەکە چاویان بە نوێنەری ڕاستەقینەی کورد لەوانە (شێخ مەحمود) نەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی کورد بەشە سەرەکیەکەی ویلایەتەکە بو، بەڵام لایەنە ناکۆکەکان هیچیان نوێنەرایەتی ئەویان نەکرد (مظهر،-، ل١٩٤).

لە کۆتاییدا لیژنەکە لە ساڵی ١٩٢٥ ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد، کە ڕایانگەیاند لە بەر بەڵگەی ئابوری و جوگرافی و هەستی زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکە لەگەڵ ئەوەبو سەرزەویەکانی باشوری هێڵی برۆکسل بە عێراقەوە بلکێنرێت بە دو مەرج:

یەکەم: بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ ویلایەتەکە لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بێت.

دوەم: بایەخ و گرنگی بەویستی کورد بدرێت بە دانانی کاربەدەستی کورد لە دادگا و قوتابخانە و زمانی کوردی فەرمی بێت.

ئەوە بو لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ ویلایەتەکە بە عێراقەوە لکێنرا، تورکیا ڕازی بو بەرامبەر بە وەرگرتنی بەشێکی نەوتی موسڵ، پاش پەیمانی ساڵی ١٩٢٦ی نێوان بەریتانیا و عێراق و تورکیا، تورکیا ٠/١٠ ئیمتیازی نەوتی عێراقی پێدرا، دواتر بەشەکەی خۆی بە برە پارەیەک گۆڕیەوە (حسین،٢٠٠٧، ل ١٣٩–٤٣٨، کمال،–،ل٢٢٢)، حکومەتی عێراق دوای سێ ڕۆژ لە پەسەندکردنی پەیمانی ساڵی ١٩٢٦ بەڵێنی پاراستنی مافەکانی کوردی دا، چونکە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان عێراقی پابەند دەکرد بە دامەزراندنی کارگێڕیەکی کورد لە ناوچە کوردیسەکان، بەڵام جێبەجێ نەکرا، بۆیە لە قۆناغی دواتر، حکومەت لە ژێر فشاری داواکارییەکانی گەلی کوردو ڕێکخراوی کۆمەڵی گەلان یاسای زمانە خۆجێییەکانی لە ٢٣– ٥ ١٩٣١ دەرکرد کە ئەویش بە شێوەی نیوەچڵ جێبەجێ کرا، کورد لە ڕوی دەستوری و کردارەکیەوە لە مافەکانی بێبەشکرا (محێدین،٢٠٠٦، ص٤٨–٥٠).

لەڕاستیدا بە کۆتاییهاتنی قۆناغی سێیەم و دورکەوتنەوەی مەلای گەورە لە پۆستی دادوەری لە ساڵی ١٩٢٨، بەتەواوەتی دور نەکەوتەوە لە کایەی سیاسی و بێئاگا نەبو لە ڕوداوە سیاسیەکانی سەردەمەکەی و دانەبڕا لە سیاسیەکان، بەڵکو هەتا کۆتاییەکانی ژیانی پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لە سیاسیەکان بەردەوام بو، دەیویست لە ڕێگەیانەوە سود بە ناوچەکەی بگەیەنێت، ئەوانیش مەبەستیان بوە بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانیان بەکاربیهێنن. لێرەدا بەچەند نمونەیەک ڕونی دەکەینەوە.

لە ساڵی ١٩٣١ مەندوبی سامی بەریتانیا  هاتوەتە هەولێر، مەلای گەورە بانگهێشت کراوە بۆ دیدەنی، لەو دیدارەدا داوای کردنەوەی قوتابخانەی کچانی لێکردوە، ئەویش ڕەزامەندی نیشان داوەو لە ساڵی ١٩٣٢ یەکەم خوێندنگەی کچان لە کۆیە کرایەوە (جەلیزادە، ل١٢٨، شێخ وەسانی،٢٠١٧، ل١٤٤). هەروەها لەسەردانێکی مەلیک غازی بۆ هەولێر بە نامەی فەرمی مەلای گەورەو مەلا ئەفەندی بانگهێشت کران بۆ پێشوازی لە مەلیک لە دێی(عەرەب کەندی)، مەلای گەورە پێشنیاری کردوە بۆ مەلا ئەفەندی کە خۆیان نەچن و لە جیاتی خۆیان کوڕەکانیان عیزەدین و مەسعود بنێرن (محمد، ٢٠١٠، ل١٨٣، فقی علی،٢٠١٠، ل١٠). هەر لە سیەکانی سەدەی ڕابردو مامۆستایانی قوتابخانە عەبدوڵلا سامی و زەکی ئەحمەد پرۆگرامی(جەمعیەی عیلم و عیرفان)یان برد بۆ ماڵی مەلای گەورە، ئەویش واژۆی کردو کردیانە سەرۆکی جەمعیەتەکە، بەڵام دواتر لە سەردەمی سەعید قەزاز کە وەزیری ناوخۆ بو لە بەر شلۆقی بارودۆخ داخرا (حەوێزی٢٠٠٨، ل٢١٠).

پەیوەندی لەگەڵ چەندین کەسایەتی سیاسی عێراقی و کوردی هەبوە لەوانە ڕەشید عالی گەیلانی کە لە ساڵی ١٩٣٤ لەگەڵ یاسین پاشا و ئەمین زەکی بەگ هاتونەتە کۆیە، نوێژی جومعەیان لەلای مەلای گەورە کردوە و وتارێکی بە پێزی داوە، دوای تەواوبونی وتارەکە مەلای گەورە لە پێشیانەوە ڕۆشتوەو ئەوانیش وەک قوتابی و مامۆستا بەدوایدا ڕۆشتون. هەروەها لە هەرای نێوان حکومەتی عێراق  و ئینگلیز لە ساڵی ١٩٤١ کە بەهەرای ڕەشید عالی

ناسرا، حکومەت لە ڕێگەی قایمقامی ئەوسای کۆیە کە چەند جارێک سەردانی مەلای گەورەی کرد بەمەبەستی ئەوەی فتوایەک بدات بۆ پشتگیری لە حکومەت، بەوەی شەڕکردن لەگەڵ ئینگلیز جیهادە، بەلام جەلیزادە ئەوەی نەسەلماند، چونکە لای وابو، مەرجی جیهاد لەو شەڕەدا نییە، چونکە پیاوانی میری گوێیان نەدەدایە یاساکانی شەریعەت ((محمد،٢٠١٠، ل١٨٥–٢١٧). هەرچەندە لە چەندین شوێن و ناوچەی عێراق و کوردستان بروسکەو پشتگیری لە شۆڕشەکە کرا لەوانەش شاری کۆیە لەلایەن حەوێز ئاغا و کاکە زیاد، چەندین شێخ و مەلا پشتگیری و جیهادیان ڕاگەیاند، دانیشتوانی کۆیە پشتگیرییان لە خۆپیشاندانی شاری هەلێر کرد بۆ پشتیوانی شۆڕش، چونکە پشتگیری بو لە ئەڵمان و سەرسام بون بە سەرکردەکەی و بە دۆستی کورد دەزانرا بەوەی ئارین و لە بنەڕەتدا یەک ڕەگەزن (محمد صالح ٢٠١٧، ل ١٥٦).

شایانی باسە، لەکاتی بزوتنەوەکەی ڕەشید عالی بازاڕ و قوتابخانە لە کۆیە داخرا، قوتابییەکان بەڕۆژ لە جیاتی وانە خوێندن هاوکاری شارەوانی شاریان دەکرد، بەشەویش بۆ پاسەوانی و نۆبەت گرتن یارمەتی پۆلیسیان دەدا (حەوێزی،٢٠٠٨، ص١٧٣).

## ئەنجام:

_بونی مەلای گەورە بە موفتی کۆیە، دەروازەیەک بو بۆ ناساندنی لای کاربەدەستان. لەلایەکی دیکە، وەڵامی پرسیارە شەرعییەکانی داوەتەوە و پشتی بە یەک مەزهەبی فیقهی نەبەستوە.

_لە دەستبەکاربونی وەک ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ، توانیویەتی لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی دیکەی شار، ئارامی ناوچەکە بپارێزێت، جگەلە ڕزگارکردنی سەدەها کەس لە گرانی ساڵی ١٩١٧.

_لەگەڵ گەیشتنی ئینگلیزەکان بۆ کۆیە، کەوتە هاوکاریکردنیان بە وەرگرتنی پۆستی دادوەری کۆیە بۆ ماوەی دە ساڵ بە ئامانجی شادبونی گەلی کورد بە مافەکانی لەڕێگەی ئینگلیزەکانەوە، ئەمەش لەڕێگەی پێشکەشکردنی چەندین یاداشت، بەڵام دواتر بێئومێد بو لێیان.

_دیدگای بۆ شێخ مەحمود و حوکمدارییەکەی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتوە، سەرەتا پشتگیری کرد بەڵام دوای شۆڕشی ١٩١٩ ئومێدی بە شێخ مەحمود نەما.

_بونی بە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق بۆ ماوەی شەش مانگ لە ساڵی ١٩٢٤، بە هەمو توانایەکییەوە بوێرانە بەرگری لە ماف و بەرژوەندی گەلی عێراق بەگشتی و نەتەوەکەی بە تایبەتی کردوە، هۆنراوە و تەفسیرەکەی بە زمانی کوردی و بەرگری لە کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەڵگەن لەسەر بونی هەستی نەتەوایەتی و داکۆکیکردن لە بەرژوەندی و مافەکانی نەتەوەکەی.

_پشتگیری بونی فەیسەڵی یەکەمی بە پاشای عێراق و لکاندنی ویلایەتی موسڵی بە عێراقەوە کردوە، بۆ ئەمەش بوەتە جێگەی ڕێزی کاربەدەستانی عێراق، بەتایبەتی فەیسەڵ و داوای مافەکانی میللەتەکەی کردوە.

# The participation of koye Muhammed Mala (the big Mullah) in the political field

**Yasin Xalid Hassan[1] - Abdullah Ahmed Abdullah[2]**

[1+2]Department of history, College of Human Sciences, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

Malai Gawra (Mala Mohammadi Koi) is the son of Mala Abdullah, the son of Mala Asaad, the son of Mala Abdulrahman whose family is known as (Jali Zada). He was born in Koya in 1876 and died in 1943. Through a brief look at the history of this family which takes more than 500 years we realize that they have played a great role and participated in social and political events of their time. During 67 years of Malai Gawra's life he witnessed and took part in three different changes and historical stages such as, the end of Ottoman empire era (Abdul Hamid II, Itihad and Taraqi, the English invasion of Kurdistan and Iraq, and the monarchy era in Iraq; Faisal I and his son Ghazi).

This study aims at analyzing the outlook and participation of Malai Gawra in the political matters and events of his era along with analyzing three foremost stages and political events he contributed in through analytical and descriptive methods.

**Keywords**: Malai Gawra, Politics, Kurd Issue.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، زامدار (٢٠٢١)، مەلای گەورە و مەسعود محەمەد لە چەند دێڕێکدا، هەولێر، شەهاب

ئێدمۆنس، سیسیل جۆن (٢٠٠٤)، کورد تورک عەرەب، و: حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، هەولێر، ئاوێر.

العامری، ڕاهی مزهر (٢٠١٨)، ڕۆڵی سیاسی مەسعود محەمەد لە عێراقدا ١٩١٩_١٩٦٨، و: محەمەد تاتانی، کۆیە، لاسی سەنتەر.

بابان زادە، کامەران (٢٠١٢)، ڕۆڵی سیاسی مەلا محەمەدی کۆیی (مەلای گەورە)، سلێمانی. سەنتەری پەرەپێدانی لاوان.

تەیب، جەمال فەتحوڵا (٢٠٠٨)، کۆیە ١٩١٨–١٩٥٨، چاپی دوەم، هەولێر، شەهاب.

جەلیزادە، دڵدار (٢٠٢١)، مەلای گەورە_موحەمەد کوڕی مەلا عبدالله کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە، تەفسیر.

جەلیزادە، نەجیبەخانی (٢٠١١)، مێژوی جەلیزادە، کۆیە، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە.

حسین، فاضل (٢٠٠٧)، کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، چاپی دوەم، کەرکوک، ڕۆژهەلات.

حلمی، ڕەفیق (١٩٨٨)، یاداشتی کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ڕۆشنبیری و لاوان.

حەوێزی، تاهیر ئەحمەد (٢٠٠٧)، مێژوی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، بغداد، نصیر.

حەوێزی، طاهیر ئەحمەد (٢٠٠٧)، مێژوی کۆیە، بەرگی دوەم، کاروان.

حیدری، ممتاز (١٩٧٥)، مەلای گەورە (مەلا محەمەدی کۆیی)، هەولێر، شارەوانی.

سەنگاوی، نەجم (٢٠١٧)، باشوری کوردستان ڕوداو_ دەستکەوتەکان ١٩٠٠–٢٠١٦، چوارچرا.

شارەزا، کەریم (٢٠١٣)، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دوەم، هەولێر، شەهاب.

شارەزا، کەریم و ئەوانی دی (٢٠٠٩)، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

شێخ وەسانی، هاوکار عبدالله (٢٠١٧)، ژیان و ئەزمونی مەلای گەورە، هەولێر، تەفسیر.

علاء الدين، عبدالخالق (٢٠٠٩)، مەلای گەورە_ زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپی دوەم، هەولێر، منارە.

عەلائەدین، عەبدولخالق (٢٠١٤)، کۆیە... ناودارانی، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

قەزاز، ڕەمزی (_)، بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتاییچەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەراستی سەدەی بیست.

کاکە مەحمود، ڕیاز، جەلال، شکار (٢٠٢١)، دیداری گەورەکان_ گفتوگۆی گروپی گوڵنار لەگەڵ گەورە کوردانی سەدەی بیست، گوڵشەن.

کۆیی، مەلا محمدی (مەلای گەروە) (١٩٦٩)، دیاری مەلا محمدی کۆیی، چاپی چوارەم، هەولێر، کوردستان.

گورژی، مەلا حوسێنی (٢٠٠٩)، کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی، هەولێر، تەفسیر.

ماکداول، دیڤید (٢٠٠٢)، مێژوی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ڕون.

محەمەدئەمین، کامەران ئەحمەد (٢٠٠٠)، کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠–١٩٢٠، سلێمانی، سەردەم.

محەمەد، مەسعود (١٩٩٢)، گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم.

محەمەد، مەسعود (٢٠١٠)، حەماغای گەورە، چاپی دوەم، هەولێر، ئاراس.

محێدین، واحد عومەر (٢٠٠٦)، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق ١٩٢١-١٩٦٨، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.

مەلای گەورە (مەلا محمدی کۆیی) (٢٠٠٩)، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، حەمدی.

ناوخۆش، سەلام (٢٠١٩)، شکستی حوکمرانی کورد لە سەدەیەکدا ١٩١٩-٢٠١٩، خاک.

هەورامی، نەبەز (٢٠١٨)، محەمەد جەلیزادە (مەلای گەورە)، بەرگی یەکەم، ڕێکخراوی زانست بۆ باس و توێژینەوە.

های، دابلیو- ئار. (٢٠١٦)، دو ساڵ لە کوردستان، و: لوقمان باپیر، هەولێر، ڕۆژهەڵات.

احمد، كمال مظهر (_)، كركوك و توابعها_ حكم التأريخ و الضمير، الجزء الاول، ڕینوین.

الحسيني، السيد عبدالرزاق (١٩٨٨)، تأريخ الوزرات العراقية، الجزء الاول، بغداد، دار الشؤون الثقافية.

اسكندر، سعد بشير (٢٠٠٧)، من التخطيط الي التجزئة سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣، ژین.

اسماعيل، زبير بلال (١٩٦٨)، تأريخ اربيل_ دراسته تأريخية عامة لاربيل و انحائها منذ اقدم العصور حتي الحرب العالمية الاولي، هەولێر، الثقافة.

الطالباني، جلال (١٩٧١)، كردستان و الحركة القومية الكردية، الطبعة الثانية، بيروت، دار الطبعة للطباعة و النشر.

الادهميى، محمد مظفر (١٩٧٤)، المجلس التأسيسي العراقي، دراسته تأريخية سياسية، مطبعة السعدون، بغداد.

الدوسكي، سالار عبدالكريم فندي (٢٠٠٨)، دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقى ١٩٤٥-١٩٥٨، دهوک، خانى.

حيدرى، جواد فقي علي الجوم (٢٠٠٦)، محمد بن عبداللة الجلي (مەلای گەورە) و جهوده العلميه، سلسله ڕسائل جامعيه ٣، اربيل، التفسير.

شيخانى، اسماعيل (٢٠١٥)، الجهود الاصلاحية للعلامة محمد جليزاده (مەلای گەورە) في المجالات التربوية الاجتماعية السياسية، لقاء اته مع المسؤلين، سلێمانى، چوارچرا.

طقوش، محمد سهيل (٢٠١٥)، تأريخ العراق الحديث و المعاصر، بيروت، دار النفائس.

لونكريك، ستيڤن همسلى (١٩٨٨)، العراق الحديث من ١٩٠٠-١٩٥٠، ترجمه: سليم طه التكريتي، الجزء الاول، بغداد.

بن عربية، شهرزاد (٢٠٢٠)، السياسة البريطانية قي العراق ١٩٢٠-١٩٤٥، جامعة محمد بو ضياق، قسم التاريخ

سعيد، عمر حسين (٢٠١٩)، الاحكام القضائية الفقهية لمحمد جليزادة_ دراسة مقارنة_ اطروحة دكتورا، فاكلتي التربية في جامعة كويه، كويه.

سەجادی، عەلائەدین (١٩٤٤)، ترجمەی ژیانی مامۆستا مەلا محمدی کۆیی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١١، ساڵی (٥) تشرینی دوەم.

شارەزا، کەریم (١٩٧٣/٢/٢٣)مەلا محەمەدی کۆیی و شیعری سیاسی، هاوکاری، ژمارە ١٥٥.

کەریم، حسین حسن (٢٠١٩)، کاریگەری زانایانی جەلیزادە لە گەشەپێدانی شارستانێتی کۆیەدا، گۆڤاری بنکەی ژین، ژمارە ١٠.

علي، جواد فقي (٢٠١٠)، الصلة العلمية و العائلية بين مەلای گەورە و ملا ابی بکر افندی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٧.

# پەراوێزەکان:

[i] – سلێمان نەزیف: ١٨٨٠-١٩٢٧لە دیاربەکر لە دایک بوە، کوردی دیاربەکر، کرایە والی موسڵ. دواتر لە(٥) کانونی یەکەمی ١٩١٥ کراوەتە والی بەغداد و لە تەموزی هەمان ساڵ لەو پۆستە بەخشرا، کەسێکی بەبیر تۆرانی تورک پەرست و بوێژو وێژەوان بوە، زۆر گوێڕایەڵی ئیتیحادیەکان بو، زۆر تاوانی کوشتن و لە سێدارەدانی هاونیشتمانیانی بێ گوناهی ئەنجام داوە لای کوردو عەرەب کەسێکی نەویستراو بوە، لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردوە. د. ڕاهی مزهر العامری: سەرچاوەی پێشو،ل٢١؛ مەلا محمدی کۆیی(مەلای گەورە): دیاری مەلا محمدی کۆیی، ل١؛ ڕیاز کاکە مەحمود – شکار جەلال: سەرچاوەی پێشو، ل١٠٩.

[ii] – شایانی باسە، لە پێش ساڵانی ١٩١٣ دیانەکان بەردیان هێنابو کەنیسەی پێ دروست بکەن،

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی کەویستی قوتابخانە دروست بکات، بەردی کەنیسەکەیان برد بەناوی بەخشین و بۆ دروستکردنی قوتابخانەکە بەکاریان هێنا. و بۆ دروستکردنەکەی دەبوایە پارە لە ئەستەمبوڵەوە بهاتایە، بەڵام قایمقام بۆ ڕانەوەستانی کارەکە لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی، مەلای گەورە، دەکرێتە سەرۆکی لیژنەکە،کە بەپارەی حکومەت و پیتاکی خەڵکی قوتابخانەکەو خانو بۆ مامۆستا دروستکرا لە ساڵی ١٩١٤ کە لە دو نهۆم پێکهاتبو، لە نهۆمی خوارەوە ژورێکی هەبو کە میحرابی تێدا بو بۆ نوێژی جەماعەت، بەڵام لەبەر یەکەمین جەنگی جیهانی وانەی تێدا نەخوێنرا هەتا سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٠ کرایەوەو دەرسی تێدا خوێندرا، بە زمانی کوردی فارسی، کە لە سەردەمی عوسمانی خوێندن بە زمانی تورکی و فارسی بو، هەتا ساڵی ١٩٥٧ کە قوتابخانەکە بەشێکی بەرجادە کەوت، لەبەشەکەی تری کتێبخانەی گشتی کرایەوە. تاهیر ئەحمەد حەوێزی:مێژوی کۆیە، بەرگی یەکەم، ل١٨٩؛ طاهیر احمد حوێزی: بەرگی دوەم، ل٧٥، ١٨٥، ١٨٩؛ دڵدار جەلیزادە: سەرچاوەی پێشو، ل١١٩، ١٢٠؛ مغدید حاجي: لمحات من حیاة الملا محمد الکویي(مەلای گەورە) ١٨٧٦-١٩٤٣ولمحات عن شعره, ص٦٦.

[iii] – سابیر ئیسماعیل: لە ساڵی ١٩١٠ لە کۆیە لە دایک بوە، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردوە لە(دار المعلمین العالیة) بڕوانامەی بەدەستهێناوە، کەسێکی نەتەوە پەروەر بوە گەرچی ئەندامی هیچ حیزبێک نەبوە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە کۆیە کۆچی دوایی کردوە. عەبدولخالق عەلائەدین: کۆیە... ناودارانی، ل١١٩.

[iv] – حەماغا: کوڕی مەحمود ئاغا کوڕی حەماغا کوڕی غەفور ئاغایە، کەسێکی کاسب و دەوڵەمەند و بەخشندە بوە، لە گرانی ١٩١٧ هاوکاری هەژارانی کردوە، ئینگلیزەکان کردیانە قایمقامی کۆیە، ڕۆڵی هەبو لە ئارامی کۆیە، لە ساڵی ١٩٢٢ لە تەمەنی ٨٤ ساڵی کۆچی دوایی کرد. مەسعود محەمەد: گەشتی ژیانم، ل٤١، ٨٠.

[v] – کاپتن هی، لە کتێبەکەیدا دو ساڵ لە کوردستان ١٩١٨- ١٩٢٠ باسی مەلای گەورە دەکات و بە (مەتران) ناوی دەبات، بە کەسێکی شارەزای دادەنێت، بەشێوەیەک لە هەر شوێنێک بێت دانیشتنەکە بۆخۆی پاوان دەکات. لە پێش هەمو مەندیل بەسەرەکانی کۆیەی دادەنێت، وادەکات زیاتر دڵت پێی بکرێتەوە، هەرچەندە پیاوێکی ئاینیە، بەڵام بایەخ بە ژیانی کۆمەڵایەتی و دنیایش دەدات. دبیلو- ئار. هی: سنتان فی کردستان ١٩١٨- ١٩٢٠، ترجمة: فؤاد جمیل, الجزء الاول, ١٩٧٣, ١٦١؛ هاوکار عبدالله شێخ وەسانی: دین و جیهانبینی مەلای گەورە، ل١٨٥.

[vi] – مەلای گەورە ڕۆڵی هەبو لە پاراستنی کۆیە لە کاولکاری و نەڕژانی خوێن لەکاتی هاتنی ئینگلیزەکان، چونکە زانیویەتی ڕوبەڕوبونەیان بێ سودە، ئەمە جگە لەوەش لەسەر داوای خەڵکی کۆیە داوای هاوکاری لە بەرپرسە باڵاکانی بەریتانیا کرد بۆ باشکردنی بارودۆخی ئابوری خەڵکەکە، ئەوە بو فەقیرخانەیان کردەوە، کە ڕۆژانە نزیکەی ٣ هەزار کەس سێ ژەمە خواردنیان دەدرایە، بەمەش هەزاران کەس لەمردن ڕزگار بون، باری ژیانی خەڵکەکەش بەگشتی باش بو، چونکە حوکمڕانی ئینگلیزەکان شارستانی تر بو، جگە لەوەی بایەخیان بە پاکوخاوێنی و باری تەندروستی دا، جەردەی و تاڵانی تاڕادەیەک نەما. د.راهي مزهر العامري: سەرچاوەی

پێشو،ل٢٣؛ نەبەز هەورامی: سەرچاوەی پێشو،ل٢٤٦؛ جەمال فەتحولڵا تەیب: کۆیە ١٩١٨- ١٩٥٨، ل٨٠، ٨١؛ مەسعود محەمەد: گەشتی ژیانم، ل٣١.

vii – هەندێک پێیانوایە ئیستیعماری بەریتانی، هۆکاری سەرەکی و یەکەمی نەهامەتیەکانی گەلی کورد و دابەشکردنی کوردستانە، چونکە گەر ئینگلیز نەبوایە گەلی کورد دەیتوانی نیشتمانەمەی ئازاد بکات بەتایبەتی کوردستانی باشور کە لەژێر دەستی کەس نەبو، ئەوان نەک نەیاندەویست دەوڵەتی سەربەخۆ لە ناوچە کوردیەکانی ژێر دەستیان بۆ کورد دروست بکەن، بەڵکوچەندین کێشەیان خستە بەردەم چارەسەری کێشە ڕەواکەی و بەزۆر کوردستانی باشوریان لکاند بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە.

viii – لەڕاستیدا ئینگلیز لەگەڵ شێخ مەحمود لەسەر سنوری دەسەڵاتەکەی ڕێکنەدەکەوت، تەنها شاری سلێمانیان بۆ هێشتبوەوە، چەندین ئاغا و شێخ و سەیدیان کردە دوژمنی ناوچەکانی(چەمچەماڵ و هەڵەبجە و ڕانیە و قەڵادزە وکۆیە و ڕەواندوز و قەرەداخ و سەنگا و ماوەت) یان لە سلێمانی جیا کردەوە، داوایان لە شێخ مەحمود دەکرد دەست نەخاتە کاروباری ئەو ناوچانەوەو بە فرۆکەش بەیاننامەیان دەخستە خوارەوە داوایان لە خەڵکی ئەو ناوچانە دەکرد گوێڕایەڵی شێخ مەحمود نەکەن. ئەمە جگە لەوەی شارەکانی هەولێرو زاخۆ دوربون لە دەسەڵاتی شێخ مەحمود، لە ناو شاری سلێمانیش هەندێک کەس دۆستی تورک و هەندێکی تر دۆستی ئینگلیز بون و لە شێخ ڕاستبوبونەوە. سەلام ناوخۆش: شکستی حوکمڕانی کورد لە سەدەیەکدا ١٩١٩- ٢٠١٩، لە بەڕێوەبەرایەتی گستی کتێبخانە گشتییەکان، هەرێمی کوردستان، کتێبی خاڵ- ٢٦- ٢٠١٩، ل٦٧؛نەجم سەنگاوی: سەرچاوەی پێشو، ل٩٤.

ix – جەعفەر عەسکەری: لە ساڵی ١٨٨٥- لە بەغداد لە دایکبوە، لە ساڵی ١٩٠١ لە قوتابخانەی سەربازی ئەستەمبوڵ دەرچوە، بوەتە مامۆستا لە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی لە بەغداد، بەشداری شەڕی بەڵقانی کردوە، پەیوەندی کردوە بە شۆڕشی حیجاز و بوە ڕاوێژکاری سەربازی ئەمیر فەیسەڵ، ڕۆڵی هەبو لە دامەزراندنی سوپای عێراق، لۆمەی زۆر کرا لەسەر پەسەندکردنی پەیمانی عێراقی- بەریتانی ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراندن، دو جار وەزارەتی پێکهێناوە لە ٢٢ تشرینی دوەمی ١٩٢٣ هەتا ٢- ئابی ١٩٢٤، ٢١ تشرینی دوەمی ١٩٢٦ هەتا ٨ی کانونی دوەمی ١٩٢٨، لە هەردوکیان دەستی لەکار کێشاوەتەوە. لە کاتی کودەتای بەکر سدقی لە ساڵی ١٩٣٦ کوژراوە. میر بصري: اعلام السياسة في العراق الحديث، الجزء الثاني، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٤، ص٢٢٥- ٢٢٨؛ عبدالرزاق الحسيني: سەرچاوەی پێشو، ل١٩١.

x – صبيح نەشئەت: کوردێکی خەڵکی هەولێرو یەکێک بو لە ئەندامانی ئەو شاندەی لەگەڵ مەلیک هاتبونە هەولێر، بوەتە وەزیری ئەشغاڵ و ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندن لە حکومەتی عێراق. عبدالخالق علاءالدين: مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، ل٣٥.